
# چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە هێزی دبلۆماتی و سەرکردایەتی لێهاتووە









## پرۆفیسۆر فاتیمە سەدیقی
## ئازادی و رزگاری بۆ ئافرەت واتە توانای هەڵبژاردن



## چەند نۆتەیەکی مۆزیک
## لە تابلۆیەکی داڤنشیدا ئاشکرا دەبن



## منداڵێکی (٤) ساڵ و
## ئەهەنگێک هاوڕێن !



عەلا عەبدولزهرە:
## هیچ بۆندێکم بەشێوەیەکی فەرمی لەگەڵ یانەی دهۆک مۆر نەکردووە



■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فوئاد ســدیق**
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@yahoo.com
تەلەفون: ٢٢٣٢٣٨٥
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٥٢٣٥٨

■ جێگری سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hussn
frhd_mhmd@yahoo.com
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
**شوان تاڤینگ**
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
**ساڵح عومەر قادر**
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ دیزاین
**لوقمان رەشیدی**

■ بەرگ
**محەمەد قادر**

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
مەهدی حاجی ساڵح: رەنگاورەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
خەلیل بلەیی: هونەری
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناونیشان: هەولێر - گەڕەکی مستەوفی
بەرانبەر فەرمانگەی دادنووسی هەولێر

ژمارە (٦٦٠) ٢٠٠٧/١١/١٩

# مادەی (١٤٠) و قسەیەکی تر!..



سالار عوسمان

دوا وادە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) تەنیا (٤٠) رۆژی ماوە، دوا هەواڵ و لێدوانە رەسمییەکانی ئەم چەند رۆژەی دواییش بە شەرمنیەوە ئەوە رادەگەیەنن کە ماددەی (١٤٠) لەوادەی دیاریکراوی خۆی جێبەجێ ناکرێت و هۆیەکەشی بەپێی لێدوانێکی وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئامادە نییە راپرسی لەبارەی چارەنووسی کەرکوکەوە ئەنجام بدات، دیارە بەر لە ئێستاش چەند جارێك لێرەولەوێ بەتایبەت لە ئاستی میللیدا باس لەوەکراوە کە زەحمەتە ماددەی (١٤٠) لەوادەی دیاریکراوی خۆی جێبەجێ بکرێت، بەڵام هەر لە سەرەتاوە و تا ئەم چەند رۆژەی دواییش نێوەندە رەسمییەکانی هەرێمی کوردستان جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبێ ماددەی (١٤٠) لە کات و وادەی بڕیار لەسەردراوی خۆی جێبەجێ بکرێت و ئەم جەخت کردنەوەش هەندێ جار وەك جۆرێك لە گوشار خۆی دەنواند، پێداگرتنی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەوەی کە دەبێ ماددەی (١٤٠) لەوادەی خۆی جێبەجێ بکرێت و راپرسی لەبارەی چارەنووسی کەرکووك ئەنجام بدرێت و هەروەها قەرەبووی ئاوارە و زیان لێکەوتووەکان بکرێتەوە وبارودۆخی کەرکووك ئاسایی بکرێتەوە و.... تاد، هەموو ئەمانە کۆمەڵێك هەڵوێستی چاوەڕوانکراون و خەڵکی کوردستان بە ئومێدی زۆرەوە لە چاوەڕوانی ئەوەدان کە پرسی کەرکووك بەجۆرێك یەکلابکرێتەوە کە تەواوی ئەو غەدرە مێژووییانەی لەو شارەکراوە بسڕێتەوە، لە پشت هەموو ئەو هەوڵ و کۆشش و پێداگرتن و سووربوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان گوتارێکی سیاسی واقیعیانە خۆی نمایش دەکات کە ناکۆك نییە لەگەڵ رەوشی نوێی عێراق چونکە پشت ئەستوورە بەدەستوورێك کەعێراقییەکان بە تەواوی نەتەوە و رەنگە سیاسیەکانەوە دەنگیان بۆ داوە، پێداگرتنی هەرێمی کوردستان و کارکردن لە نێو ئەم گوتارە واقیعە لەلایەك و کاری بەردەوامی هەموو ئەوانەی دژن و نایانەوێ رەوشی کەرکووك ئاسایی بێتەوە هاوکێشەکەی گەیاندە ئەوڕۆ کە نە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئامادەیە راپرسی لە کەرکووك بکات و نە ماددەی (١٤٠)یش لەوادەی دیاریکراوی خۆی جێبەجێ دەکرێت و بەپێی هەندێ لێدوان و بۆچوون لەوانەیە دوا بکەوێت بۆ ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٨و بگرە دەرنگتریش!!...

دیارە بەر لە چەند رۆژێکیش هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێران-مان بیست کە بە بیانووی نالەباریی رەوش داوا دەکات جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)بۆ ماوەی دووساڵ دوا بخرێت، ئەم هەڵوێستەی ئێران لە کاتێکدا بوو ئاڵۆزیی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لە هەڵکشان دابوو!!... ئەم لەیەك بەستنەوەیەی هەڵوێستی ئێران لەمەڕ ماددەی (١٤٠)و شەڕ پێ فرۆشتنەکانی تورکیا بە هەرێمی کوردستان و هەمدیس قسە و لێدوانی هەندێ نێوەندی سیاسی عارەبی نێو عێراق و دەرەوە گومان تۆختر دەکات و پرسیار گەلێك دەخوڵقێنێ کەخەڵکی کوردستان زووتر ئەم گومان و پرسیارانەی وەك مەترسییەك لەبەردەم خۆی دانابوو هەر بۆیەشە هەمیشە ئەو پرسیارەی دووبارە دەکردەوە کە ئەگەر ریفراندۆم لە کەرکووك نەکراو ماددەی (١٤٠) جێبەجێ نەکرا و رەوشی شێوێندراوی کەرکووك ئاسایی نەکرایەوە هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسیی هەرێمی کوردستانی چی دەبێ؟!..

پرسیارێکی رەوایە، ئێستاش هەمان ئەو پرسیارە دەکەینەوە و لە نێو پرسیارکردنیشدا واقیعی عێراق و ناوچەکە و تەواوی ئاڵۆزییە سیاسییەکان نێو ئەو واقیعەش دەخوێنینەوە بەڵام واز لەوەڵامی پرسیارەکە ناهێنین و کاری لە پێناودا دەکەین چونکە پرسیاری تەواوی خەڵکی کوردستانە!... ئەم قۆناغە قۆناغێکی گرنگە لە ژیانی سیاسی کوردستان چونکە خەریکە رەنگە ونبووەکانی ململانێی نێوان ئێمە و بەرامبەرەکانمان باشتر وەدیار دەکەن و زەمەن چیتر مەودا بە ونبوونی رەنگەکانی ململانێی سیاسی لەمەڕ کەرکووك نادات و ئیتر لەمەودوا بوار نامێنێتەوە بۆ پاساو و ئەم دەست ئەو دەست پێکردنی کارەکان و ئەگەرە دروستکردن و بە کورتی لە یەکتر ئاشکرا دەبین، دیارە دوای هەر ئاشکرا بوونێکیش بڕیار و هەڵوێستەکان روونتر خۆیان دەنوێنن و ئەوکات هەر یەکە و قسەی خۆی دەکات و بڕیاری خۆی دەدات کە دڵنیام قسە و بڕیاری ئەوکاتی کورد وەك ئەوەی ئێستا نابێ!..

# دوو پێشنیار بە دوو مەبەستی جیاواز



فەیسەڵ دەباغ

بۆ چارەسەرکردنی بارگرژییەکەی نێوان تورکیا و پەکەکە و تورکیا و هەرێمی کوردستان و ئەگەری لەشکرکێشییەکەی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەمینداری گشتی پارتی کۆماری گەلی تورکیا(CHP) دەنیز بایکال و نووسەر و رۆژنامەنووسی ناوداری تورک محەمەد عەلی بیراند دوو پێشنیاریان خستۆتە بەردەم سەرانی تورکیا کە لە ئامانجدا جیاوازن.

-١ ئەمینداری گشتی پارتی کۆماری گەلی تورکیا دەنیز بایکال پێشنیاریکردووە کە پێویستە بۆ چارەسەری ئەو بارگرژییەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان کە بەهۆی پەکەکەوە روویداوە تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان تەنیا لەسەر ئاستی تیرۆر...! مامەڵە نەکات، بەڵکو لە چوارچێوەی ئامانجێکی نوێ پەیوەندی دروست بکات، بۆ ئەم مەبەستەش بایکال پێشنیار دەکات کە بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کەناڵێکی تەلەفزیۆنی و رادیۆ کە بە هەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی، تورکی پەخشی خۆی بکات دابمەزرێ و، گەنج و لاوانی هەرێمی کوردستانیش بۆ تورکیا رابکێشرێن و پەروەردە بکرێن.

بایکال لە لێدوانێکی تایبەت بۆ رۆژنامەی(حورییەت)ی تورکی و پێشتریش لە کۆبوونەوەیەکی پارتەکەیدا رایگەیاند: ئیدی نابێت کێشەکە لە چوارچێوەی کردەیەکی سەربازیدا ببینین، نابێت هەرێمی کوردستان و سوریا وەك یەك سەری بکرێن، چونکە لە سوریا، تەنیا شوێنی بۆ چەکدارانی پەکەکە دابین کرابوو، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا پشتگیرییەکی نێودەوڵەتی دەکرێن.

هەر لەو لێدوانەدا، بایکال پرسیار دەکات: لەبەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستان حکومەتێکی فیدراڵی یەك نەتەوەیی هەیە ئێمە دەبێ چی بکەین؟ لە وەڵامدا دەڵێ: پێویستە پلانێکی ١٠ تا ٢٠یاخود ٣٠ ساڵە بۆ داهاتوو دابرێژین و ٥٠٠-١٠٠٠گەنج و لاوی کورد و عەرەب بهێنینە تورکیا، بۆ ئەوەی تورکیا بناسن و وەك تورك ئاسا بژین و پەروەردەیەکی باشیش بکرێن، بە شێوەیەك کەپاش ١٥ساڵ و لە کاتی گەڕانەوەیاندا بۆ وڵاتەکەیان پۆستە ئیدارییەکانی ئەوێ وەرگرن.

بایکال ئەوەش دەڵێ: هەر چەند ئێمە تاوەکو ئێستا ئەو کارەمان ئەنجام نەداوە، بەڵام ئێستا بارزانی ئەو کارە ئەنجام دەدات، هەر بۆیە باشتر وایە بۆ تورکیا لە بری ململانێ ئەو جۆرە پەیوەندییە رەچاو بکات.

سەبارەت بە پەیوەندییە بازرگانییەکانیش ئەمینداری گشتی پارتی کۆماری گەلی تورکیا بە پێویستی دەزانێ کە جگە لە خاڵی سنووری ئیبراهیم خەلیل پەلە لە کردنەوەی خاڵێکی دیکەی سنووریی بۆ پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بکرێتەوە و تەواوی رێگەکانی گواستنەوە بەو هەرێمە ببەسترێنەوە و بەنداویش لە تورکیا دروست بکرێ و بە پێی پێویست ئاو بەهەرێمی کوردستان بدرێ.

بە باوەڕی من ئەوانەی ئەم لێدوان و پێشنیارەی ئەمینداری گشتی پارتی کۆماری گەلی تورکیایان بە پۆزەتیف هەڵسەنگاندووە، بە وردی لێدوانەکەیان نەخوێندۆتەوە، بۆیە پێم وایە لەم هەڵسەنگاندنەیان پەلە یان کردووە، ئەگینا ئەو لێدوان و پێشنیارە شتی وای تێدایە کە قەت لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و پرسی کوردانییە.

ئەگەر بە وردی لێدوان و پێشنیارەکەی بایکال شی بکەینەوە، بۆمان بە دیار دەکەوێت کە مەبەستی بایکال لە دۆزینەوەی پەیوەندییەکی تازە لە گەڵ هەرێمی کوردستاندا بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی نەتەوەپەرستییە، خۆ خودی بایکالیش لەو لێدوان و پێشنیارەیدا ئەو ئامانجە ناشارێتەوە و زۆر بە روونی دەڵێ: گرنگە لە چوارچێوەی ئامانجێکی نوێ پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دروست بکەین.

بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە کە ئاخۆ دەبێ ئەو ئامانجە نوێیەی بایکال چی بێت؟

باوەڕ ناکەم پاش ئەو هەموو هەڵوێستە نەگەتیڤانە بەرامبەر بە کورد بایکال پەرۆشی ئەوە بێت کەناڵێکی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی بۆ کورد بکاتەوە، بەتایبەتی کوردی عێراق و کەناڵەکەشی وەك ئەوەی کەلە پێشنارەکەیدا هاتووە ئاراستەکراوبێت.

بایکال دەڵێ: لە کاتێکدا ئەمەریکی و بەریتانیەکان ئەم کارە دەکەن ئیتر بۆچی ئێمە نەیکەین، مەبەستیش تەنیا پەخشێکی تایبەت نییە، بەڵکو پێویستە دەوڵەت ئەوکارە ئەنجام بدات...!

سەیرەکە لەوەدایە، لە کاتێکدا بایکال ئەو پێشنیارە دەکات، هەر خودی خۆی دژی پەخشکردنە بە زمانی کوردی لە تورکیا و چەند جاریش ئەو دیدەی خۆی لە خەڵك نەشاردۆتەوە.

کەواتە دەبێ بە چ مەبەستێك داوای کردنەوەی کەناڵێکی وا دەکات کە پەخشەکەی تەنیا بۆ هەرێمی کوردستان بێت؟ ئایا بۆ بایکال باشتر نەبوو لە جیاتی ئەوەی ئەو داوایە بۆ کوردی عێراق بکات بۆ کوردی وڵاتەکەی خۆی بکردایە؟ هەرێمی کوردستان پێویستی بەوجۆرە کەناڵانە نییە، لەخوا بەزیادبێ چەند کەناڵی تەلەفزیۆنی هەن و هەمووشیان خزمەتی هاووڵاتیانی ئەو هەرێمە دەکەن.

بایکال نایەوێ کەرتی تایبەت بەو کارە هەڵبستێ، چونکە ئەگەر ئەوکەرتە پێی هەڵسا هەمەڕەنگ و دوور لە سیاسەت دەبێ کە ئەمەش ئامانجەکەی بایکال ناپێکێ، بۆیە دەیەوێ ئەوکارە لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجام بدرێ و کەناڵێکی فیکری و سیاسی بێ کە بتوانێ بەپێی ئامانج کاریگەری بکاتە سەر خەڵکی هەرێمی کوردستان کە ئەمەیش بەدیدی ئێمە بۆ دوارۆژی میللەتەکەمان باش نییە.

بۆ ناردنی گەنج و لاوی هەرێمی کوردستانیش بۆ وڵاتی تورکیا بۆ ئەوەی فێری ژیانی ئەوێ بن و وەك تورك ئاسا بە ئاسایی بژین و لەسەر بیروباوەڕی تورکەکان پەروەردە بکرێن ئەمەشیان مەترسییەکی دیکەیە کە دەبێ زۆر بەوردی حیسابی بۆ بکرێ، خۆ دەستەواژەی(وەك تورك ئاسا بە ئاسایی بژین) خۆی لە خۆیدا ئیهانەیەکی بۆ ئێمەی کورد، هەر وەك ئەوە وایە کە کورد

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

تائێستا فێری ژیانی ئاسایی نین و دەبێ فێرمان بکەن کە چۆن وەك ئەوان بژین.
بایکال ئەوەش دەڵێ: هەرچەند ئێمە تاوەکو ئێستا ئەم کارەمان نەکردووە، بەڵام ئێستا بارزانی ئەم کارە ئەنجام دەدات.
مەبەستی بایکالیش لەو قسەیە وەك ئەوەی کە ئێستا هەرێمی کوردستان دەیکات سەبارەت بە گەنج و لاوی کوردی تورکیا و ئێران و سوریا کە بە بۆچوونی بایکال ئەمانە بە بیری نەتەوەیی جۆش دەکرێن، ئیتر با ئێمەش چاو لەوان بکەین و بە پێچەوانەی ویستی وان بجولێینەوە.
دەربارەی پەیوەندییە بازرگانییەکانیش ئەمینداری گشتی پارتی کۆماری گەلی تورکیا دەیەوێ بە هۆی ئەو پێشنیارەوە هەرێمی کوردستان پەیوەستی تورکیا بکات، واتە بیکاتە موستەعمەرەیەکی خۆی، بە واتایەکی دیکە بیکاتە پاشکۆی خۆی کە لە زمانی ئابوورییدا بە(پاشکۆیەتی ئابووری) ناوزەد دەکرێ، مەبەستی بایکالیش لەو پێشنیارە ئەوەیە کە لە کاتی پێویست وەك چەکێکی ئابووری دژ بە هەرێمی کوردستان بەکاربێنێ.
ئەگەر وانەبێ ئەی بۆ ئەو بەنداوە لە هەرێمی کوردستان دروست ناکات؟ ئەمە ئەگەر نیازەکەی پاك بێت، بەڵام ئەو نیازەی پاك نییە، بۆیە دەڵێ: بەپێی پێویست ئاو بە هەرێمی کوردستان بدرێت...!، واتە تۆ هەمیشە لە ژێر رەحمەتی ئەو دابیت و ئەو نیمچە سەربەخۆییەش کە هەیە ئەویش لەدەست بدەیت.
بە کورتی: ئەو لێدوان و پێشنیارەی بایکاڵ پیلانێکی دیکەیە کە دژ بە هەرێمی کوردستان پیادەی دەکات، ئەو لە پرۆژەکەیدا دەڵێ: سەرەڕای کردە سەربازییەکان با ئەمانەش ئەنجام بدەین، واتە ئابلوقەدانی هەرێمی کوردستان لە رووی عەسکەری و فیکری و ئابوورییەوە.
بایکال دوای ئەوەی توانی بە پشتیوانی پارتی (مەهەپە) بەسەرۆکایەتی باخچەلی کردەیی سەربازیی دەرەوەی سنوور بەسەر حکومەتی تورکیادا فەرز بکات، لە سیاسەتی ناوخۆیی تورکیادا ئامانجی خۆی پێکا: هەموو شتێك دواخران، نە چاکسازییەکی نوێ و نە قسەیەك لەسەر دەستوور و نە هیچ پێشکەوتنێك لەسەر رێی ئەوروپادا.
بە باوەڕی من و کەسانێکی زۆریش، ئەوەی لەو هاوکێشەیە بە زەرەرمەند دەرچوو، پارتی عەدالەت و پەرەپێدان بوو، ژمارەی ئەو کوردانەی کە دەنگیان بە پارتی عەدالەت و پەرەپێداندا، لە راپرسییەکەی ئەم دواییەی سەر دەستوور کەم بوونەوە، دەتوانم بڵێم بە رێژەی ٪٥٠ زیاتر کەمی کرد، کە ئەمەیش وا پێویست دەکات ئەو پارتە بە سیاسەتی ئێستای خۆی بچێتەوە، بە تایبەتی ئەگەر زانیمان بایکال و باخچەلی کار بۆ ئەوە دەکەن چۆن دەنگەکانی کوردی تورکیا لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.
پێویستە لەسەر پارتی عەدالەت و پەرەپێدان زۆر بە وردی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، چۆن عەسکەرو پارتە عەلمانییەکان توانیان تووشی ئەو هەڵوێستەی بکەن و دواتر خۆیان لێ دەرباز کرد و ئێستا بە نیازی جیاجیاوە دەیانەوێ خەڵکی لەو پارتە بکەنەوە، ئەوهاش بەڵام بەنیازێکی پاك ئەو پارتە روو لە هەرێمی کوردستان بکات و دەستی دۆستایەتی بۆ درێژ بکات و بەو پەڕی ئازایەتیەوەش رووبەڕووی ئەسڵی کێشەی کوردی ناو وڵاتەکەی ببێتەوە.
چونکە بیرکردنەوە لە غەیری دۆستایەتی، کاتەکە بە فیڕۆ دەچێ و توانای حکومەتی تورکیاش بەرەو لاوازی دەڕوات کە ئەمەیش مەبەستی بایکال و باخچەلی و عەسکەرەکانە.
خۆ ئەردۆگان بەر لەوەی سەردانی چیك بکات و لە فڕۆکەخانە لێیان پرسی کە چۆن دەڕوانێتە ئەو پێشنیارەی بایکال؟ لەوەڵامدا و بە گاڵتە جاڕییەوە گوتی: زۆر خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ گوێبیستی ئەو جۆرە پێشنیارانە دەبم، بە تایبەتی لەو کەسانەی کە تا دوێنێ خەڵکی ئێمەن بۆ ئەنجامدانی کردەیەکی سەربازیی فراوان هان دەدا، دنیایەکی سەیرە...!
٢- نووسەر و رۆژنامەنووسی ناوداری تورك محەمەد عەلی بیراند لە دوو وتاری جیادا چەند پێشنیارێك بۆ چارەسەر کردنی بارگرژییەکەی نێوان تورکیاو پەکەکە و تورکیا و هەرێمی کوردستان دەخاتە بەردەم سەردانی تورکیا و بە زمانێکی لۆژیکانە داوا لە حکومەت و عەسکەر دەکات کە سەرەڕای ئاسایی کردانەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان، کێشەی پەکەکەش چارەسەر بکەن. بیراند لە تورکیشی دەیلی نیوزدا دان بە شکستی فەرماندە عەسکەری و مەدەنییەکانی تورکیا دەنێ لە سەقامگیرکردنی پرسی کوردو دەڵێ:(بارودۆخی ئێستای تورکیا سەلماندی کە بیروڕا و هەوڵەکانی کەرتێکی گرنگی فەرماندەکانی ئێمە لە سەقامگیرکردنی پرسی کورد شکستی خواردووە) کە ئەم بۆچوونەی زۆر راستە و من رێزم بۆ ئەو جورئەتەی بیراند هەیە، خۆزگە هەموو ئەوانەی کە نوێنەرایەتی رەوتی دیموکرات لە تورکیا دەکەن هەمان هەڵوێستی بیراندیان هەبایە کە دەڵێ:( با رابردوو بخەینە لایەکەوەو وازی لێبێنین، لێگەڕین با ئەو ئەزموونانەی کە دەستمان هێناوە بە کاری بخەین بۆ دامەزراندنی سیاسەتێکی نوێ، هۆکارەکانی زۆر فراوانن، پرسی کوردیش گۆڕاوە، ئەرکەکانی پەکەکە دوورییەکی نوێی بە خۆیەوە گرتووەو هەرێمی کوردستانیش پێگەیەکی نوێی بە دەست هێناوە، بارودۆخەکەش بە تەواوی لە ٢٥ ساڵی رابردوو جیاوازە، ئەمڕۆکە ئێمە بە تەواوی رووبەرووی پرسێکی جیاوازی کوردو پەکەکە و پێکهاتەی هەرێمی کوردستان بووینەتەوە، ئەمڕۆکە ئەوان چەندین دەستکەوتی نێودەوڵەتیان بە دەست هێناوە، رەنگو پێکهاتەی کێشەکە وەکو یەك نییەو ئەکتەری زۆرتر لە خۆ دەگرێت، کێشەکان لە هەرێمی کوردستان زۆر بە ئاسانی چارەسەر دەکرێن، کردە توندەکانی پەکەکە و پرسی کورد دەتوانرێت کەم بکرێتەوە).
من زۆر خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ گوێبیستی بۆ چوونێکی وەها دەبم، بە تایبەتی لە رووی ئەو مەترسیانەی کە بیراند بە هۆی نەبوونی روانگەو سیاسەت لەوانە بوو رووبەرووی تورکیا ببێتەوە، ئەو مەترسییەی کە چەند جار لە نووسینەکانمدا وەك پێشبینی ئاماژەم پێ کردوون، بەڵام بیراند وەك مەترسی:( من دەترسێم بە هۆی نەبوونی روانگەو سیاسەت ئەم وڵاتەی ئێمە رووبەرووی مەترسی و دابەشبوونێکی راستەقینە ببێتەوە).
هیوادارم ئەو قسەیەی بیراند لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورکیا بە هەند وەربگرێ و چیتر لە روانگەی هێزەوە سەیری کێشەکان نەکەن و ئەزموونی چەند ساڵەش سەلماندی کە هیچ کێشەیەك بە هێز چارەسەر ناکرێ.

ئەگەر بە وردی لێدوان و پێشنیارەکەی بایکال شی بکەینەوە، بۆمان بە دیار دەکەوێت کە مەبەستی بایکال لە دۆزینەویە پەیوەندییەکی تازە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی نەتەوەپەرستییە، خۆ خودی بایکالیش لەو لێدوان و پێشنیارەیدا ئەو ئامانجە ناشارێتەوە

ئایا بۆ بایکال باشتر نەبوو لە جیاتی ئەوەی ئەو داوایە بۆ کوردی عێراق بکات بۆ کوردی وڵاتەکەی خۆی بکردایە؟ هەرێمی کوردستان پێویستی بەوجۆرە کەنالانە نییە، لەخوا بەزیادبێ چەند کەناڵی تەلەفزیۆنی هەن و هەموشیان خزمەتی هاووڵاتیانی ئەو هەرێمە دەکەن

# تورکیا .. بەرەو گۆڕانکاری:
# دەستخۆش سەرۆکایەتیی کوردستان



سامی شۆڕش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

وەك پێشتریش لەم لاپەڕانەدا گوترا، هیوای گەورەی چارەسەر کردنی کێشەی نێوان کورد و دەوڵەتی تورکیا کۆبونەوەکەی واشنتۆن بوو. وا خەریکە وردە وردە هیوایەکە دێتە دی. ئەم کۆبونەوەیە ئەگەرچی دەهۆڵی زۆری بۆ لێنەدرا، ئەوا ئێستا، دوای دوو هەفتە لە تەواو بوونی، خەریکە بەشێك لە ئەنجامە باشەکانی دەردەکەون.

ئەوی راستی بێت، تا ئێستا بە فەرمی هیچ ئەنجامێکی بەرچاوی ئەوتۆی لێ نەکەوتۆتەوە. بەڵام چاودێران دەتوانن بەن دێڕەکان بخوێننەوەو هێما بۆ چەندین لایەنی باش و هیوابەخشی ئەو کۆبونەوە گرنگە بکەن کە لە پێنجی ئەم مانگە لە نێوان سەرۆکی ئەمریکی جۆرج دەبلیو بوش و سەرۆك وەزیرانی تورکی رەجەب تەییب ئۆردوگان لە واشنتۆن ساز کرا. بەر لەوەی باس لە ئەنجامە باشەکانی کۆبونەوەکە بکەین، پێویستە سەرەتا ئیشارەت بۆ ئەو راستیە بکەین کە ئەم کۆبونەوەیە ئەگەری هێرشی سەربازیی تورکیای بۆ سەر کوردستانی عیراق زۆر کەم کردەوە. ئەمە خۆی لە خۆی دا ئەنجامێکی گەورەی کۆبونەوەکەیە.

خۆ ئەگەر هاتوو ئەنقەرە وابەستەیی خۆی بە کەشوهەوای کۆبونەوەکە نیشان دا، ئەوا گومان لەوەدا نامێنێت کە کۆبونەوەکە بە خاڵێکی گەورەی وەرچەرخان دەژمێردرێت لە مێژووی هاوچەرخی پەیوەندیەکانی کوردو تورك. ئەوەندە هەیە، دیارە نە ئەمریکا و نە تورکیا و نە کوردیش پێیان باش نیە لە ئان و ساتی ئەمڕۆدا، گرنگیی ئەم کۆبونەوەیە بخەنە سەر لاپەڕەکانی راگەیاندن و لەسەری رابوەستن و باسی لێ بکەن. ئەمریکیەکان پێیان باشە هیچ لایەنێك لە لایەنەکانی کێشەکە نە سەرکەوتوو بێت و نە دۆڕاو. بۆیە، وای پێ باشترە، لە جیاتی قسەو راگەیاندن و هەڵلا، کاری رۆژانەی وردو هێمن و لەسەرەخۆ بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی بکرێت. دیارە، واشنتۆن هەمیشە پێی وا بووە، کێشەی کورد یەك لە کێشە زۆر ئاڵۆزو سەخت و زەحمەتەکانی ناوچەکەیە. بۆیە لە هەموو کێشەیەکی دیکەی ناوچەکە زۆرتر پێویستیی بە وردی و ژیری و لەسەرەخۆیی و بێ دەنگی و کاری هێمنانە هەیە بە تایبەتی ئەگەر ئەو کارە لە نێوان دوو هاوپەیمانی خۆی دا بوو.

بە هەر حاڵ، یەك لە باشەکانی کۆبونەوەی واشنتۆن ئەوە بوو کە ئیتر تورکیا گەیشتۆتە قەناعەتی ئەوەی شێوازی هێرش و هەرەشەی سەربازی، لە جیهانی ئەمڕۆدا، شێوازێکی گونجاو نیە بۆ هەڵسوکەوت لە بەرامبەر کوردستانی عیراق. دیارە ئەمریکاییەکان ئەنقەرەیان گەیاندە قەناعەت کە هێرش کردن بۆ سەر کوردستان تیرۆر بنبڕ ناکات بەڵکو زیاتری دەکات. هەروەها زیان لە هاوپەیمانێکی کاریگەری شەڕی دژەتیرۆر لە ناوچەکەدا دەگەیەنێت کە کوردو عیراقە.

باشەیەکی دیکەی کۆبونەوەکە ئەوە بوو کە ئیتر ئەنقەرە تا رادەیەکی زۆر گەیشتە ئەو باوەڕەی کە تێکقرژاندنی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ کوردستانی عیراق یاریدەی ئەوەی نادات کێشەی (پی کە کە) ی لە کۆڵ بێتەوە. بەڵکو، بە پێچەوانەوە، پاڵ بە (پی کە کە)وە دەنێت بۆ چوونە پاڵ ئێران و ژێر چەتری دژایەتی کردنی ئەمریکاو بەرژەوەندیەکانی لە ناوچەکەدا.

باشەی سێیەم ئەوە بوو کە ناکرێت (پی کە کە) بکرێتە پاساو بۆ درێژەدان بە سەرکوتکردنی گەلی کوردستانی باکوور. بەڵکو دەبێت ئەنقەرە ئاستێك بۆ سەرکوتکردنەکە دابنێت تا بواری ئەوە بداتە خۆی رێگە لە بەرنامە توندوتیژەکەی (پی کە کە) بگرێت. باشەی چوارەمیش لەوەدا خۆی نواند کە بە هۆی فشارەکانی ئەمریکا، ئەنقەرە تا رادەیەك گەیشتە قەناعەتی ئەوەی کە مەسەلەی کوردستانی عیراق و کێشەی (پی کە کە) لە یەکدی جودا بکاتەوە. هەروەها بەو چاوەش سەیری کوردستانی عیراق بکات کە بوار بۆ دایەلۆگ و پەیوەندی و هاوکاری بهێڵێتەوە.

لەوانە گرنگتر، دیارە کۆبونەوەکە کارێکی راستەوخۆی کردە سەر تەواوی بونیادی کەمالیزم لە تورکیادا، چونکە لەم چەند رۆژانەی رابردوو، ئەو بونیادە هاتە هەژان و کەوتە قسەی زۆر جیاوازتر لەوەی پێشتر دەرهەق بە کوردی دەکرد. وەك مەعلوومە، حزبی دادپەروەری و بوژانەوە، تا رادەیەکی هەست پێکراو، کێشەیەکی ئەوتۆی لەگەڵ کورد نەبووە. ئۆردوگان پێش دەرچوونی حزبەکەی لە هەڵبژاردنی تەمووزی رابردوو، هەروەها عەبدوللا گول دوای دەست بەکار بوونی وەك سەرکۆمار، قسەو هەڵوێستی باشیان بەرامبەر بە کورد نواند. بەڵام دیار بوو کرۆکی کێشەکە، بۆ ئەوان و بۆ ئێمە، لە دەزگای سوپای تورکی و دامەزراوی کەمالیزمەوە سەرچاوەی هەڵدەگرت. کەمالیزم لە ئەمڕۆی تورکیادا خۆی لە چەندین حزبی نەتەوەپەرستی ئۆپۆزیسیۆندا دەبینێتەوە.

دیارە زمانی کۆبونەوەکەی واشنتۆن زۆرتر روو لە سوپاو لە کەمالیزمەکانی تورکیا بوو. شایەنی باسە، ئەفسەرێکی

پایە بەرزی دەزگای سوپای تورکی لە تەك ئۆردوگان بەشداریی لە کۆبونەوەکەی واشنتۆن کرد. بۆیە، راستەوخۆ، پەیامی سەرۆك بوش گەیشتە سوپاو کەمالیستەکان. هەر بۆیەش، دەبینین دوای کەمتر لە دوو هەفتە بەسەر تەواو بوونی کۆبونەوەکە، گۆڕانکاریەکی هەست پێکراو بەسەر هەڵوێست و زمانی هەر دوو ئەو لایەنە هاتووە لە بەرامبەر کوردی باکوورو کوردی باشوور.

دیسان دەیڵێمەوە، هیچی ئەوتۆ لە ئارادا نیە ئیشارەت بەوە بکات کە ئەنقەرە خەریکی گۆڕینی هەڵوێستی خۆیەتی لە بەرامبەر (پێ کە کە). لەم بارەیەوە زمان هەمان زمان و تۆن هەمان تۆنە. بەڵام ئەوەی خەریکە دەکەوێتە سەرە ڕێگەی گۆڕانکاری، هەڵوێست و بۆچوونی کەمالیزمەکان و دامەزراوەی سوپایە لە بەرامبەر چۆنیەتی رەفتار کردن لەگەڵ کوردستانی عێراق و هەلومەرجی کورد لە ناو تورکیادا. ئەگەر پرۆسەی ئەو گۆڕانکاریە تا سەر بڕوات و ئەگەر ئەنقەرە زوو قسەکانی واشنتۆن لە بیر خۆی نەباتەوە، ئەوا دوور نیە قۆناغێکی زۆر تازەو گەرم و گوڕ لە نێوان کوردو تورك دەست پێ بکات. قۆناغێك کە قازانج و بەرژەوەندیی بۆ هەر دوو لا هەبێت و دەرگایەکی تازەو گەورەی دیموکراسیش بەسەر تەواوی ناوچەکە بکرێتەوە.

با لە قسەی گشتی دوور بکەوینەوەو بێینە سەر ساغە. پێش پتر لە هەفتەیەك، رۆژنامەی (میللیەت) کە بە رۆژنامەیەکی زۆر نزیك لە دەزگای سوپای تورکی دەناسرێت، لە پێنج ژمارەی لەسەر یەکدا، چەندین چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرکردە گەورەکانی پێشووی سوپا بلاو کردەوە. هەر هەموو ئەو سەرکردانە کە ئەمڕۆ خانەنشینن، لە سەردەمەکانی خۆیاندا هەر یەکەیان بە شێوەیەك سەرکردایەتی شەڕی لەناوبردنی کورد لە باکوورو تێکدانی پەیوەندیەکانی ئەنقەرە لە گەڵ کوردستانی عێراق کردوە. بەڵام، ئێستا، دوای دامرکانەوەی هالاوی کێشەی ئەم دواییەی سەرسنوور، جۆرێك لە پەشیمانی و پەنجە گەستنیان پێوە دیارە.

ژەنەراڵ کەنعان ئیڤرن کە بەر لە ساڵی ١٩٨٠ سەرکردەی ئەرکانی سوپا بوو، دواتریش سەرکردایەتی کودەتایەکی گەورەی کردو پاشتریش بۆ ماوەی چەند ساڵێك بووە سەرکۆمار، لە چاوپێکەوتنەکەدا باس لەوە دەکات کە نەدەبوایە لە سەردەمی کودەتادا زمانی کوردی قەدەغە بکات. ژەنەراڵێکی دیکە باس لەوە دەکات کە شێوازی شەڕو سەرکوت کردن لە دژی کورد تا ئێستا هیچ بەرهەمی نەبووە لە غەیری زیان. ئەوانی دیکەش بە هەمان شێوە دیمەنەکانی مێژوو زیندوو دەکەنەوەو بە هەوایەکی تازە دەدوێن. بێگومان، ئەم ژەنەراڵانە ئەمڕۆ لە سەر کار نین و گوتارەکانیان سیفەتی فەرمی پێوە نیە. بەڵام گوتەو قسەو بۆچوونەکانیان دەربڕی خواستەکانی دەزگای سوپایە.

لەوانەش گرنگتر، بەر لە چەند رۆژێك، دەنیس بایکاڵ – ی سەرۆکی حزبی گەلی کۆماری کە لە پەرلەماندا بەرپرسی کوتلەی ئۆپۆزیسیۆنە، بە راشکاوی باسی لەوە دەکرد کە ئەگەر تورکیا بیەوێت بە راستی رێگە لە تیرۆر بگرێت ئەوا دەبێت پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ کوردی عێراق چاك بکاتەوە. لەوەش زیاتر، دەیگوت واقیعی ئەمڕۆی کورد لە عێراقدا هەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگرەو دۆستایەتی کورد رەنگە قازانجێکی زۆر بە تورکیا بگەیەنێت. شایەتی باسە، ئەم جۆرە هەڵوێست و قسانە زۆر لایەنی باشیان هەیە. یەك لەو لایەنانە ئەوەیە کە ئیتر ئەردوگان هەست بە سەربەستی دەکات لەوەی رێچکەیەکی تازە بۆ رەفتار بەرامبەر بە کورد دابڕێژێت. تا ئێستا دەستی بەستراوە بوو. لەوە دەترسا هەر هەنگاوێك لەو بوارەدا بیهاوێژێت لەلایەن کەمالیستەکانەوە بقۆزرێتەوە بۆ دژایەتی کردنی حزبەکەی. بەڵام دوای ئەم قسانە ئیتر سەربەستیەکی زۆرتری لەبەر دەست دەبێت بۆ رەفتار کردنی ئاشتیانە بەرامبەر بە کوردی باکوور لە لایەك و بەرامبەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە لایەکی دیکە.

پێم وایە، کورد کە بزاڤی بەرەو پێشەوە چوونی ئەو گۆڕانکاریانە لە ئەنقەرە دەبینێت و هەستی پێ دەکات، دەبێت، پێش هەموو شتێك، دەستخۆشی لە سەرۆکایەتی کورد بکات و تەمەن درێژیان بۆ بخوازێت. چونکە بەراستی ئەگەر ئەو سیاسەتە وردو پڕ حیکمەتەی ئەوان نەبوایە لە بەڕێوەبردنی ناکۆکی لەگەڵ ئەنقەرە، بە تایبەتی حیکمەتی جەنابی سەرۆکی کوردستان مەسعود بارزانی و جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نێچیرڤان بارزانی، ئەوا زۆر زەحمەت بوو کێشەی لەو بابەتە تورکیا بخاتە بەردەم حەتمیەتی گۆڕان.

راستە، ئەمریکا دەوری گرنگی هەبوو لە هێنانە کایەی گۆڕانکاریەکانی ناو هەناوی تورکیا. بەڵام دەورە هەرە گرنگەکە لەم بوارەدا هی سەرۆکایەتی کورد بوو کە بەوپەڕی داهێنان و دیقەت، لە ناوچەیەکی زۆر ئاڵۆزو پڕ زەحمەتیدا، ئیدارەی ناکۆکیەکی مێژوویی و سەخت و هەمە لایەنەی کردو وای کرد میللەتی کورد بە سەرکەوتوویی لەو ناکۆکیە دەربچێت. کەنعان ئیڤرن بڵێت هەڵەم کردو دەنیس بایکاڵ بڵێت پێویستە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ کوردستانی عێراق خۆش بکەین. لەولاشەوە سوپای مۆڵدراوی تورکیا نەتوانێت هێرش بکاتە سەر کوردستانی عێراق. ئەمانە هەر هەموویان مەعنای ئەوە دەبەخشن کە کورد زۆر ژیرانە، بە دووربینی و وردبینی سەرۆکایەتیەکەی هەلومەرجی کێشەکەی بۆ قازانجی خۆی شکاندەوە.

**ئەگەر ئەو سیاسەتە وردو پڕ حیکمەتەی ئەوان نەبوایە لە بەڕێوەبردنی ناکۆکی لەگەڵ ئەنقەرە، بە تایبەتی حیکمەتی جەنابی سەرۆکی کوردستان مەسعود بارزانی و جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نێچیرڤان بارزانی، ئەوا زۆر زەحمەت بوو کێشەی لەو بابەتە تورکیا بخاتە بەردەم حەتمیەتی گۆڕان**

# لەنێوان شەڕو ئاشتیدا، شتێک هەیە!



ئاسۆ کەریم

پەنابردن بۆ چارەسەری ئاشتی و لێکحاڵیبوون هەم پشوودرێژی و هەم کات و ئامادەگی پێ دەوێ. چەپڵە بەیەك دەست لێ نادرێ، شەڕو ئاژاوەنانەوە بە تەرەفێك دەکرێ، ئاشتبوونەوەو ئاشتی-یش بە لایەنە پێوەندیدارەکانی کێشەکە. بۆ ئەوەش دەبێ بڕیارسازان لە سەرێکەوە بێ هودەیی شەڕو تەنگژەو بارگرژییان بۆ دەرکەوتبێ، لەسەرەکەی تریشەوە، بەرژەوەندیی هاوبەش هەبێت لایەنەکان بەیەکەوە کۆ بکاتەوەو زەوینەی لێکحاڵیبوونیش رەخسا بێت..

● تا ئێستا هەم ئاخاوتن، هەم هەواڵ و هەم بیروبۆچونی جیا-جیامان لەبارەی تەنگژەی نێوان تورکیا و عێراق (تۆ بڵێ کوردستان) لە هەردوو لایەنی تەنگژەکە گوێ لێ دەبێ و دەخوێنینەوە، بەگشتی تەرەفی عێراقی و کوردی پێیانوایە، رەوشەکە بەرەو هێوربوونەوەو رووەو چارەسەری سیاسی دەچێ. کەچی لەناو تورکیادا، هێشتا رای جیا-جیاو دژ بەیەك هەیەو مرۆ ناتوانێ بێ خەم بێ و بڵێ کێشەکە بەیەکجاری بەلای هێوربوونەوە داکەوتووە. چونکە هێشتا جەنەراڵەکانی سوپا و هەندێ لایەنی ناو ئۆپۆزیسیۆن پێیانوایە، وێڕای ئەوەی کە خەریکە زستان دابێ، ئۆپەراسیۆن و لەشکرکێشی کاتی بەسەر نەچووە (لەوانە جەنەراڵ باشبۆغ-ی فەرماندەکانی هێزەکانی پیادە و، دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی مەهەپە) و لە چەند رۆژی رابردووشدا جولەی فرۆکەو کۆپتەری تورکی زێدەتر بووەو تەنانەت هەندێ شوێنی نزیکە سەرسنووریان بوردومان کردووە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا وەکو لە دیمانەکانی فیکرەت بیلای رۆژنامەنووسدا دەردەکەوێ کە لەگەڵ چەند فەرماندەیەکی پێشووی سوپای تورکیا ئەنجامی دا بوو، لە رۆژنامەی میللیەتدا بەتورکی و دواتریش بە (٥) ئەڵقە لە (تورکیش دێلی نیوزدا) بە ئینگلیزی بڵاوکرانەوە و کراوە بە کتێب، لەشکرکێشی چارەسەری کێشەی پەکەکە (وەك ئەوان دەڵێن کێشەی تیرۆر) ناکا و سەرۆکی جەهەپە، دەنیز بایکاڵ-یش لە جاران نەمتر بووەو قسەی لەبارەی نزیکبوونەوە لە کوردی عێراق کرد (لە دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی حورییەتی تورکی، هەندێ ئایدیای تازەی خستە روو). لە سەرێکی تریشەوە، پەکەکە، بەپێی هەواڵەکان، ئاگاداری گوندەکانی دەوروبەری قەندیل و دۆڵی باڵەییانی کردۆتەوە کە ئاگایان لە خۆ بێ و دەرگای قوتابخانەو بنکە تەندروستییەکان پێوەبدەن، نەبادا هێرشێکی کتوپڕی فرۆکەیان بکرێتە سەر. لێرەش (مەبەست کوردستانی خۆمانە)، تا رادەیەکی زۆر هەم ئاخاوتن و هەم ئەو رێوشوێنانەی گیراونەتە بەر، جۆرە دڵنیاییەکیان لە لای حکوومەتی تورکیا دروستکردووە کە دەکرێ لە رێگەی میکانیزمی سێ قۆڵی (تورکیا-ئەمریکا- عێراق) یەوە، تۆ بڵێ چوارقۆڵی (هەرێمی کوردستان لەناو عێراقدا پێگەی تایبەتی خۆی هەیە)، ئابلووقەی ئەو تەنگژەیە بدرێ و چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە. هەرچی لایەنی حکوومەتی تورکیاو ئاق پارتیی حوکمڕانیشە، ئەوا ئاخاوتنەکانیان، هەرچەندە جۆرە نەرمی و هێوربوونەوەیەکیان پێوە دیارە، بەڵام ئاخاوتنەکان بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێن، جارجارە هێوری و جارجارە مەیلەو توندییەکیان پێوەدیارەو ئەمەش لەسەر ئەو تەوافووقە عەمەلییەی نێوان ئاق پارتی و سوپا، لەبەرانبەر پەکەکەدا وەستاوە. بەگشتی هێشتا رای حکوومەتی تورکیا تەواو روون نییە و ساغ نەبوونەتەوەو لەسەر ئەم ساغ نەبوونەوەیەش، حکوومەت لە میدیای تورکیدا، کەوتوونەتە بەر رەخنەو سەرەچەنگدان، بەڵام بەپێی زۆربەی شیکردنەوەو بۆچوونەکان، -١ مەترسی لەشکرکێشییەکی بەرفرە بۆ سەر کوردستانی عێراق لە گۆڕێ دا نەماوە، یان دوورکەوتۆتەوە -٢ ئەگەری راوەدوونانی گەرماو گەرم لە حاڵەتی هێرش و دژە هێرش و ئەگەری بۆمبارانکردنی بنکەو بارەگاکانی پەکەکە لەسەر سنوور بەوانەی قەندیل-یشەوە، بەپێی هەماهەنگی ئیسخباراتی نێوان ئەمریکا- تورکیا هەیە -٣ ئۆپەراسیۆنەکان لەناو خاکی تورکیا خۆیدا بەردەوام دەبن، هەرچەندە بەهاتنی زستان، کەمیش ببنەوە. -٤ بوردومانکردنی هەندێ دەڤەری ناو کوردستانی عێراق لە لایەن ئێران و پێکدادانی ئەم چەند رۆژەی دوایی، لەکاتێکدا ئەمریکا، نزیکبوونەوەی تورکیا و ئێرانی خۆش گەرەك نییە، یاری نێوان تورکیا-ئەمریکا- ئێران- عێراق ( سەرنجی ئاخاوتنەکانی عەبدولعەزیز حەکیم بدە لە بارەی بوونی پەکەکەو گروپی چەکداری تری بیانی لە خاکی عێراقدا) سەبارەت بە پەکەکە، گەرمتر دەکا و خوا رەحم بکات!

● کەواتە، لە سەرێکەوە دەشێ بڵێین، ئەگەر بە پارێزیش بێت، کە رەوشی ئێستای ناو تورکیا، دەوروبەرو نێودەوڵەتی ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە "تورکیا هێواش-هێواش بەرەو قۆناخی وتووێژی سیاسی هەنگاو دەنێت" و "دوا وشە هی سیاسەتە". کەواتە، رەنگە سوپای تورکیا لە شەرمی رووان چەنگەچڕێیك بکا و یەك دوو زەبر لە پەکەکە بدا، بەڵام وەکو لەم چەند رۆژەدا دەردەکەوێ.

-١ قسەو باس لەسەر دۆزینەوەی رێگەچارەیەك بۆ کێشەی کورد لە جاران گەرمترو بازنەکەی فرەوانتر بووەو جەخت لەسەر جیاکردنەوەی ئەو کێشەیە لە کێشەی تیرۆر (تۆ بڵێ کێشەی پەکەکە) دەکرێ.

-٢ جەخت لەسەر مامەڵەکردنێکی تر لەگەڵ (ئیدارەی باکووری عێراق- بە قەولی ترکان)، ئایندەی فیرالیزم لە عێراق و ستاتۆی ئەو هەرێمە، پرسی کەرکووك و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆك بارزانی بکرێ. بە قسەی رۆژنامەکانی تورکیا، خاڵی دووەم تەوەرێکی وتووێژی نێوان ئۆردوگان و بۆش بووە کە لە ٥ی ئەم مانگەدا لە واشنتۆن بەڕێوەچوو (بولەنت ئەرانداچ، رۆژنامەی تەقویم، ٧ ی ئەم مانگە). بەقسەی ئۆپۆزیسیۆنی تورکی هێشتا نهێنییەکانی نێوان بۆش و ئۆردوگان بەوان نەگوتراوەو ئاشکرا نەبووە کە لەسەر ئەو پرسانە چ (صفقە)یەك لەنێوان بۆش و ئۆردوگاندا کراوە یان چۆن تاوتوێ کراون؟ هەروا لە پرێس کۆنفرانسی نێوان (مەریك تۆپۆلانیج-ی سەرۆکوەزیرانی چیك و رەجەب تەیب ئۆردوگان-ی سەرۆکوەزیرانی تورکیا لە پراگ)، سەرۆکوەزیرانی چیك گوتی "گومان لەوەدا نییە کە پێویستە تورکیا راستەوخۆ لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا دانوستان بکات و نوێنەرانی راستەوخۆی خەڵکی باکووری عێراق پشتگوێ

Aso2karim@yahoo.com

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

نەخات"، دیارە دەکرێ سەردانی وەفدی حزبە کوردستانییەکان بۆ ئەنقەرە و دیدار لەگەڵ بەرپرسانی پارتی دادو گەشەپێدان لەم پێڤاژۆیەدا بە هەنگاوێکی پۆزەتیف تەماشا بکرێ. چونکە ئەو دانوستاندنە لە دوو سەر بە قازانجی تورکیا و عێراق و ناوچەکەیە، هەم نزیکبوونەوە و تێگەیشتنێك لە نێوان هەردوو لادا (تورکیا و هەرێمی کوردستان) دێتەدی و بەرژەوەندییەکانی هەردوو لا جێگەی خۆیان دەگرن و هەم دەکرێ ئەم نزیکبوونەوەیە، ئەگەر بە ناڕاستەوخۆش بێت، کۆمەك بە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ کێشەی کورد لە تورکیا بکات. لەباری واشدا، تورکیا لە دیدی یەکێتی ئەوروپیی و ئەمریکاشەوە، سوودمەندی یەکەم دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا کۆنترۆڵی عێراق بە دەست ئەمریکاوەیە، عیراقێك کە ئەو هەموو نەوتەی لێیەو کۆمپانیاکان، لەپێشەوەیان کۆمپانیا ئەمریکییەکان، سەرمایەی خۆیان لەو بوارەدا بخەنە گەڕ، یەکێ لە ڕێگاکانی ناردنە دەرەوەی نەوتیش بەندەری جەیهانی تورکیایە.

• هەرچەندە هەوڵێکی زۆر هەیە کە کێشەی پەکەکە تێکەڵی کێشەی کورد نەکرێ و وەك دوو دۆزی لێکجودا سەیر بکرێ، بۆ هەر یەکەیان مامەڵەو میتۆدی جیا بگیرێتەبەر، چونکە لەناو تورکیادا ڕای وا پەیدا بووە ئەگەر خەڵکی کورد هەست بکەن ئەوان هاووڵاتی پلە یەکن، ئەوا پەکەکە لە کورد دادەبڕێ و لەناو دەچێ و دەتوێتەوە (عیسمەت بەرکان، ڕۆژنامەی رادیکاڵ، ٢٠٠٧/١١/٧). سەرەڕای ئەوەش من دەگەڕێمەوە بۆ سەر چەند بوویەرێکی تر:

١- لەم یەك دوو ڕۆژەی بەرێ، سەرۆکی تازەی پارتیا جڤاکا دیموکراتیك DTP، نورەدین دەمیرتاش، بە حکوومەت و سەرۆکی پارتەکانی تورکیای گوت "ئەگەر پرۆژەتان هەبێ، تا چەکدانان (مەبەست چەکدادانی پەکەکەیە) جێگەی خۆی بگرێ، چ لە ئەستۆی ئێمەدا بێت، ئێمە ئەوە دەکەین" و تەنانەت ئەوەشیان بیر دێنێتەوە کە چۆن توانیان ٨ سەربازە یەخسیرەکە ئازاد بکەن، دەکارن ئەوەش بە پەکەکە بکەن، ئەمە وێڕای ئەوەی کە حزبی ناوبراو لە کۆبوونەوەی حزبەکەیاندا بەر لە چەند حەفتەیەك لە دیاربەکر، پرۆژەی (ئۆتۆنۆمی دیموکراتی)یان هێناوەتە گۆڕێ و جەخت لەسەر دانانان بە ناسنامەی کورد لە دەستووردا دەکەنەوە.

٢- سەرکردایەتیی پەکەکەیش، هەروەکو لەدوا دیمانەی مراد قەرەیەلان لەگەڵ ڕۆژنامەی (دیرشپیگل)دا هاتووە، ئامادەیە چەك دابنێ، ئەگەر حەلوفەسڵێکی کێشەی کورد تۆ بڵێ (گرفتی پەکەکە) بکرێ. بەڵام ئەوەی گرنگە لەم ماوەیەدا تا چەند پەکەکە خۆی رادەگرێ و هێرش و دژە هێرش ناکات؟ دیارە زستانان وا بووە پەکەکە سڕ دەبێ و خۆی بۆ بەهاران ساز دەکاتەوە.

٣- ئۆردوگان، لەو سەفەرەی کۆماری چیکدا، لە وەڵامی پرسیارێکدا، کە داخوا هیچ هەوڵێك لە ئارادایە بۆ ئەوەی پەکەکە واز لە چەك بهێنێ، ئۆردوگان گوتی "لەکاتی گەڕانەوەمدا بۆ تورکیا وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە". ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی هەندێ هەواڵ، AKP خەریکە لۆبییەکی کوردی لەناو پەرلەمەنتارە کوردەکانی خۆی دروست بکات و سەبارەت بە پرسگریکا کورد بئاخڤن و دیتن و ئالتەرناتیڤی خۆیان بۆ ئەو کێشەیە، هەم لە ناوەوەو هەم لە ئەوروپا، بخەنەروو. واتە، ئاق پارتی خەریکە، لە کێشەکە نزیك دەبێتەوەو دەیەوێ بەڕ لەبن پێی DTP و پەکەکە دەربهێنن و خۆیان بکەنە خاوەنی کێشەکە بەو پێیەی لە ناوچە کوردنشینەکاندا، ٥٢٪ی دەنگەکانیان هێناوەو (٧٥) ئەندامی کوردیان لە ئەنجوومەنی نیشتمانی تورکیا (پەرلەمان) داهەیە، لە بەرانبەر (٢١) ئەندامی سەر بە DTP. من پێموایە جارێ ئاق پارتی فشار دەخاتەسەر DTP کە دان بەوە بنێت پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆریستە، بەبیانووی لەگەڵ چەکە یان نا، بەڵام ئۆردوگان وێڕای جەختکردنەوە لەسەر بەردەوامبوون لەشەڕی تیرۆردا، تا پەکەکە چەك دادەنێ، ئاماژەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ کێشەی ڕێکخراوی ETA ی باسك لە ئیسپانیا دەکاو دەڵێ "لە ئیسپانیا، پێشکەوتن و پەرەسەندنی جیا-جیا هاتوونەتەئارا و، ڕێکخراوە تیرۆریستەکەش بەسیاسی بووە" (واتە ETA هاتۆتە ناو پرۆسەی سیاسییەوە-ئاسۆ) (ڕۆژنامەی تودەی زەمان، ١١/١٦)، تۆ بڵێی ڕێگەی بەسیاسیبون بکرێتەوەو دەسپێشخەری لە کام لاوە دەبێ و کێ بەو کارە ڕادەبێت و چ میکانیزمێك پێڕەو دەکرێ؟

٤- هەڵبەت ئاخاوتنەکانی فەرماندەکانی پێشووی تورکیا بەتایبەتی (کەنعان ئەڤرەن، دۆغان گوریش، ئایتاچ یالمان) هەروەکو لەسەروە ئاماژەم بۆ کردن، لەناو بزووتنەوەی ڕاسترەوەی نەتەوایەتیی تورك جولەو بزاوێکیان ناوەتەوە کە تا ئێستاش باسی کوردو مافی وەکیەك و شتی لەو بابەتە بکرێ، چاویان دەپەڕیە پشتی سەریان. تەنانەت ئاخاوتنی چەند ڕۆژ لەمەوبەری دەنیز بایکاڵیش کاریگەریی ئەو "بۆچوونە نوێ"یانەی جەنەراڵە خانەنشینکراوەکانی پێوە دیارە. بەکورتی بەخۆداهاتنەوەیەکی لەناکاو لەناو نێوەندیی سیاسی و سەربازیی تورکیا دەستی پێکردووە وەك نووسەری تورك (سەمیح ئیدز) دەریبڕیووە (تورکیش دێلی نیوز، ١٦ی ئەم مانگە).

٥- تەنیا بۆ بیرهێنانەوەو پەیوەست بە خاڵی سێیەم، Council on Foreign Relations کە ڕێکخراوێکی سەربەخۆو بێلایەنەو لە ساڵی -١٩٢١ەوە دامەزراوە و لەبارەی سیاسەتی دەرەوەو ڕۆڵی ئەمریکا لە جیهاندا لێکۆڵینەوە دەکات، ڕاپۆرتێکی لە ١٨ی مانگی ڕابردوو بڵاوکردەوە کە لە لایەن داڤید ل. فیلیپس، کە ٢٠ ساڵ زێترە کار لە سەر پرسی کورد دەکا، ئامادەکراوە، ئەو ڕاپۆرتە سەبارەت بە چۆنیەتی چەك دانان بە پەکەکەو تێکەڵکردنەوەی بە سیاسەت، کۆمەڵی ڕێوشوێنی خستۆتەروو وەك: ڕاگەیاندنی ئاگربڕی یەکجارەکی لە لایەن پەکەکەوە، دەرکردنێکی عەفووێکی گشتی لەلایەن حکوومەت بۆ چەکدارەکان، دابینکردنی نەوایەکی ئارام بۆ کادیری سەرکردایەتیی پەکەکە لە وڵاتێکی تر، پێکهێنانی کۆمیسیۆنی ئاشتبوونەوەو گەڕان بەدوای ڕاستی لەناو تورکیا، پەرەپێدانی ناوچە کوردنشینەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری، دابینکردنی زێتری مافە کولتووری و سیاسییەکان...

• بەهەرحاڵ، ئەمریکا لەم بوارەدا دەتوانێ کاریگەریی خۆی بنوێنێ و وردە-وردە زەوینەش بۆ وتووێژ و کرانەوەی زێتر لە تورکیا خۆش بکا، لەگەڵ ئەوەشدا نابێ چاویشمان لەوەبێت، ئەو پرسە ئاڵۆزو تێکچڕژاوە، لە ناوچەیەکی وا ئاڵۆزو پڕ کێشمەکێشدا، کە چەندین ئەکتەری دژ بەیەك یاری تێدا دەکەن، وا زوو ببڕێتەوەو بکەوێتە سەر سکەی خۆی....لەوەش گرنگتر کوردیش پێویستە (لێرەدا مەبەستم کوردی هەردوو دیوە) شارەزای هونەرو دەستوورەکانی یارییەکە بێت و سەری لێ دەربکا و سەنگی خۆی باش بزانێ و پێشوازی لە هەر هەنگاوێك بکا لێکحاڵیبوون، نزیککەوتنەوە و ڕێز بۆ دانانی تێدا بێت!

AKP خەریکە لۆبییەکی کوردی لەناو پەرلەمەنتارە کوردەکانی خۆی دروست بکات و سەبارەت بە پرسگریکا کورد بئاخڤن و دیتن و ئالتەرناتیڤی خۆیان بۆ ئەو کێشەیە، هەم لە ناوەوە هەم لە ئەوروپا، بخەنەروو. واتە، ئاق پارتی خەریکە، لە کێشەکە نزیک دەبێتەوەو دەیەوێ بەڕ لەبن پێی DTP و پەکەکە دەربهێنن و خۆیان بکەنە خاوەنی کێشەکە

كۆبین

# دەبێ توركیاش
# رێز لە هەوڵەكانی هەرێمی كوردستان بگرێت


دەبێ توركیا ئەو واقیعەی پێ قبوڵ بكرێت كەیەكێك لەدراوســـێكانی هەرێمی كوردستانە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا و دەبێت خۆی لەگەڵ رابهێنیت، هەروەك چۆن حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەو واقیعە دەبینێت كە توركیا دراوسێیەكی گرنگی هەرێمی كوردستانە و ناتوانرێت ئەو واقیعە بگۆردرێت .

توركیا كەخاوەنـــی ئەزموونێكی گەورەی حوكمڕانی دەوڵەت و سیاســـەتی نێودەوڵەتییە هەقە ئەو راســـتیە لە رای خۆی نەشارێتەوە كە كیانی ئێستای هەرێمی كوردستان لەلایەن دەســـتووری هەمیشـــەیی عێراقەوە وەك هەرێمێكی فیدراڵی شـــەرعی و دەســـتووری لە چوارچێوەی عێراقدا دانپیدانراوە و ئارەزومەندانە بەشێكە لە دەوڵەتی عیراق و ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵیشە فاكتەری سەقامگیریی بووە و بوونی ئەم هەرێمە ئارام و سەقامگیرەش وەك هاوسێیەك لە باشوورەوە بێجگە لەوەی دەروازەیەكی گرنگە بۆ ئابووری توركیا لە هەمانكاتدا بەربەستێكیشە بۆ پەرینەوەی مەدی ئیسلامی ئوسوڵی توندرۆ بۆ ناو توركیا،كە ئەمڕۆ بزاڤە ئیسلامیە توندرۆكان سەرچاوەی كاری تیرۆریستی و توندوتیژین لە جیهاندا . هەروەك چۆن حكومەتی هەرێمی كوردستان بایەخ و گرنگی توركیای بۆ هەرێمی كوردستان لە رایگشتی خەڵكی كوردســـتان نەشاردۆتەوە، هەر ئەمەش وایكردووە كە رای گشتی خەڵكی كوردستان بە جیاوازی بیروبۆچونەكانەوە بەپیر هەنگاو دەستپێشـــخەرییەكانی حكومەتەكەیانەوە دێن و كاتێك حكومەتی كوردستان دەستی ئاشتی و دۆستایەتی بۆ توركیا دریژ دەكات، نەك هەر ناكەوێتە ژێر هیچ گوشارێكەوە، بەڵكو رایگشتی پشتگیریی لێدەكات .

توركیـــا وەك ئەوەی بانگێشـــەی بـــۆ دەكات و دەیەوێت بەوجۆرە خۆی پیشـــانی رای گشـــتی ئەوروپاو جیهان بدات، بەوەی دەوڵەتیكی دیموكراتی و عەلمانیەو بەپێی پرانسیپە نێودەوڵەتییەكانی سەردەم سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی پیادەدەكات، ئەوە دەبێت ئەم بانگێشەیە لەسەر ئەرزی واقیع و لە سیاسەتی ناوخۆی وڵاتەكەی و لە پەیوەندیەكانی لەگەڵ هاوسێكانی و كۆمەڵگەی نێودەوڵتیدا رەنگدانەوەی هەبێت و لەروانگەی لۆژیك و دبلۆماتییەتی بەهێزو بەرژەوەندییە هاوبەشەكانی خۆی وەك ســـۆپەر پاوەرێكی هەرێمی بخاتە روو، نەك شانازی بە قەوارەی سوپا گەورەكەیەوە بكات كەلەوانەیە توركیا خۆی باش بزانێت یەكیك لە هۆكارە سەرەكیەكانی هەڵاوسانی ئابووری توركیا ئەو سوپا بێكارو بێ بەرهەمەیە .

ئێستا حكومەتی هەرێمی كوردستان رێگە چارەی گونجاوی بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە خستۆتە بەردەمی توركیاو رای گشتی كوردستان و جیهانیش، لەسەر ئاستێكی بەرفراوانیش بە تایبەتی و ئەمەریكاو هاوپەیمانان پشتگیری لە هەوڵانەی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكرێت .،كەئەمەش ئەو زمانەیە ئەمرۆ كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەركردنی كێشەكان بە رێگەیەكی گونجاوی دەزانێت و كۆمەڵێك تەنگژەو دەرهاویشتەكانی لە توركیاو هەرێمی كوردستان و ناوچەكەش دووردەخاتەوە،

هەربۆیە هەقە توركیا بەدەنگ بانگەوازی ئاشـــتییانەی هەرێمی كوردستان و هەوڵەكانی حكومەتی هەرێمی كوردســـتانەوە بێت كە بانگیشـــە بۆ كۆبونەوەیەكی چوارقۆڵی دەكات و هەموو ئامادەباشـــیەكی بۆ چارەســـەری ئاشتیانە خســـتۆتە روو، لە بەرژەوەندی ئاشتی و سەقامگیری توركیاو كوردستان و سەرتاپای ناوچەكەشدایە.



فەرهاد محەمەد

# توركیا له دووڕیانی چارەنووسازدا



كاروان عەبدوڵڵا

ئەوەی لەو چەند رۆژەی دواییی، چاوێك بەنێو لاپەڕەكانی رۆژنامە جیاجیاكانی توركیادا بخشێنیێ، بە ئاشكرا بۆی دەردەكەوێ، كە توركیا لە ئاستانەی وەرچەرخانێك دایە، یا ئەوەتە ئەو حزبەی كە زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستەوەیە، دەكەوێتە ژێر كاریگەری گوتاری توندڕۆی عەسكەری و سیاسیی، ئاكام وڵات بەرەو هەڵدێرو ناوچەكەش بەرەو پشێوی و ناسەقامگیری دەبردرێ، یا سەرەتایەكی جیددی بۆ باسكردن و لێكۆڵینەوە لە قەیرانەكان دەست پێدەكا و توركیا دەبێتە ئەو توخمە ئیجابییە، كە كێشەكانی دەرەوەش لە رێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ چارەسەر دەكا.. ئەو تەنگژەیەی ئێستا لە توركیا لە ئارادایە لە راستیدا پرۆسەی یەكلاكردنەوەی ئەو ململانێیەیە بە ئاراستەی هەڵبژاردن، یا سەركەوتنی رێگایەك لەو دوو رێگایەی سەرەوە، ئەوەی ئەمڕۆ لە گوتاری سیاسیی حكومەتی توركیا دەردەكەوێ، جۆرێكە لە تێكەڵی لەنێوان توندڕۆیی و عەقڵانییەت، كە هەندێ جار تۆنی توندڕۆیی زیاتر دەبێ و جاروباریش عەقڵانییەتی سیاسیی جێی دەگرێتەوە، دیارە هۆكارە نێوخۆیی و دەرەكییەكانیش كاریگەرییان لەسەر كەمكردنەوەو زیادكردنی هەردوو گوتارەكەدا هەیە، خۆشبەختانە فشاری نێودەوڵەتی بۆ كەمكردنەوەو هێوركردنەوەی گوتاری توندڕۆیی وایكردووە، كە قورسایی فشاری هەڕەشەی لەشكركێشی بۆ سەر كوردستانی عێراق كەمبكرێتەوە، لە بەرامبەریشدا تۆزێك گوتاری هێمن جێی بگرێتەوەو وا بكا لەنێو خودی رۆژنامەكانی توركیا، كۆمەڵێك كەسایەتی كاریگەر، لە سەركردایەتی كۆنی عەسكەرو رۆژنامەنووس و سەركردەی حزب، كێشەی كورد بەدەر لە كێشەی پەكەكە بوروژێنن، كە هەندێ جار بۆتە مایەی خۆشحاڵی لەلایەن پارتی دادو گەشەپێدان گەشەپێدانەوە، ئەمەش بۆ خۆی هەنگاوێكی باشە بۆ چارەسەركردنی رەوشی خراپی توركیا.

پێدەچێ حكومەتی توركیا بیەوێ بە كەمترین زیان، لە رووی سیاسی و ئابووری و عەسكەری لە كێشەی پەكەكە رزگاری ببێ و رای گشتی توركیاش كە لە بەرژەوەندی توندڕۆكانە، هێور بكاتەوەو، جێ پێی عەسكەریش لەو نێوەندەدا بەهێزتر نەبێ، چونكە ئەوەشیان مەترسییەكی ستراتیژییە بۆ حكومەت و حزبی عەدالەو گەشەپێدان، كە دەبێتە هۆی پەكخستنی گەلێك لە پرۆژەو بەرنامەكانی ئەو حزبە.

حكومەتی توركیا لەو راستییە گەیشتووە، كە عێراق گۆڕانی گەورەی بەسەردادێ و بەشێكی هەستیاری پرۆژەو بەرژەوەندییەكانی ئەمەریكایە، بەڵام بە مەزەندەی خۆی لەو تەنگژەیەدا كە پەكەكە بیانویەكەیەتی، دەكرێ سوودی بۆ توركیا هەبێ، ئەویش مسۆگەركردنی هەندێ لە بەرژەوەندییەكانی توركیایە، كەچی ئەمەریكا زۆر زەحمەتە توركیایەك بەو هەموو قەیرانەی هەیەتی، بیكاتە شەریكێك لەو پرۆژەیە، بۆ ئەمەریكاییەكان، ئەوەی زۆر گرنگە، پاراستنی ئەو ئەمن و ئاسایشەیە كە لە كوردستانی عێراقدا بەرقەرارە، هەبوونی پەكەكەش لە چیا عاسێكی دوور دەستی حكومەتی كوردستان، نابێ ببێتە بیانوویەك بۆ لەباربردنی هەلومەرجی كوردستان بەتایبەتی و رەوشی عێراق بەگشتی.

وەك ئاشكرایە توركیا ئەگەر بیەوێ سەرەتایەك بۆ چارەسەركردنی تەنگژەكان بدۆزێتەوە، ئەوە دەبێ گوزەرێك بەنێو دەستووردا بكاو ئەو بەندو ماددانە بەسەر بكاتەوە، كە بەردەوام ئەو تەنگژانە بەرهەم دەهێنن، كە یەكێ لەو ماددانەش، ئینتماپێكردنی هەموو خەڵكی توركیایە بۆ رەگەزی تورك، نەك بۆ وڵاتی توركیا، هەروا ئینكاركردنی هەر نەتەوەیەك بە غەیری نەتەوەی تورك، ئیشكالییەتێكی گەورەی بۆ بە دیموكراسیبوونی كۆمەڵگەی توركیا هێناوەتە پێش، كە لەگەڵ پێوانەو پرنسیپەكانی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یەكێتی ئەوروپا ناگونجێ و هەموو ساتێك زەمینەی بەرهەمهێنانی گوتاری پاكسازی ئەوی ترو مەترسی شەڕپێكدادان لەنێو توركیادا خۆش دەكا، وە نەبێ توركیا لەوە ئاگادار نەبێ، كە لە عێراقدا دەستوورێك بەڕێوەیە بە ئاراستەی جێگیربوون، كە لەسەر بنەمای فیدراڵی و دانان بە هەبوونی چەند نەتەوەو مسۆگەركردنی مافەكانیان، دیارە گۆڕانێكی وا لە نزیك توركیایەكی پڕ لە كێشە، شتێكی حەتمیە كە لە ئانوساتێكی وادا كاریگەری بەسەر ئەو وڵاتەدا هەبێ و ببێتە فاكتەرێكی ئیجابی و ئیزافی بۆ ئەو دەنگانەی كە خوازیاری گۆڕینی دەستوورن لە توركیا. بە واتایەكی دیكە ئەو قەیرانەی كە ئێستا لەسەر سنووری نێوان كوردستانی عێراق و توركیادا بەرجەستە بووە، لە راستیدا وا دێتە بەرچاو، كە ململانێیەك بێ بۆ پەكخستنی دەستووری تازەی عێراق و رێگرتنیش بێ لە گۆڕینی دەستووری كۆنی توركیا، پێچەوانەكەشی هەر راستە، واتە لە عێراقدا دەستوورێك لە حاڵی جێگیربوون و پراكتیزەكردنە، لە توركیاش دەستوورێك لە حاڵی گۆڕان و هەڵتەكاندنە! دیارە كۆمەڵێك بەرژەوەندی و ناتەبایی نێو خۆیی و دەرەكیش لە نێو ئەو ململانێیەدا خۆیان مەلاس داوە. ئەوەی بۆ ئێمەی خەڵكی كوردستان گرنگە، خوێندنەوەی ئەو هەلومەرجەیە كە توركیاو عێراق و ناوچەكەدا پێیدا تێپەڕێ و هەڵوێست وەرگرتنی حەكیمانەیە لەنێو ئەو ململانێییانەدا، گەمەكە وا دێتە بەرچاو لەژێر پێی هەمووماندا زەمینەی هەڵخزین خۆشكرابێ، دەبێ كورد زۆر بە وردی و سەلامەتی بەسەر ئەو شەفتەیە وا بڕواو هەڵنەخلسكێ، دەنا هەڵسانەوە زۆر بە زەحمەت دەبێ.

توركیا پێویستی بە گوتارێكی هێمنە، بەهێزكردنی ئەو گوتارە تەنیا لە ناوەوە بەرهەم نایێ، گەرەكە ئەو فاكتەرانەشی بخەینە سەر كە دەبنە مایەی كەمكردنەوەی گوتارو شەڕو هەڕەشە.. توركیا كە ئێستا سوودێكی زۆری لە كوردستانی عێراق بۆ دەگەڕێتەوە، بە دڵنیاییەوە دەتوانێ لەمەش زیاتر دەستی بكەوێ، بەڵام دەبێ هۆكارەكانی ئەو دەستكەوتنە مسۆگەر بكا، زەمینەی قەبوڵكردنی ئەوی دیكەی نێوخۆ و ئەوی دیكەی دەرەوە خۆشبكا، بۆ ئەوەی لەو راستییە بگا كە ئێمەی دەرەوەی ئەوان دۆستێكی هێمن و دراوسێیەكی بە وەفاین. ئەوانەش كە غەیر توركن لە توركیا، راستە برای ئێمەن، بەڵام دوژمنی تورك نین.

سەباحەت تونجەل

# بەسەرهاتی ژنێک لە زیندانەوە بۆ پەرلەمانی تورکیا



## سەباحەت تونجەل بۆ گوڵان:

# چاوگی کێشەکانی تورکیا لەناوخۆی وڵاتدایە

■ ئەوکاتەی سەباحەت تونجەل وتەبێژی فەرمی ئەنجومەنی ژنانی DTP بوو، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی تورکەوە دەستگیرکرا. خانمی تونجەل هێشتا لەگرتووخانەی گەبزە-ی ئیستانبوڵ بوو، ناوی لەلیستی پاڵێوراوە سەربەخۆکانی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی دەستنیشانکرا. تونجەل لەو هەڵبژاردنە لەهەرێمی ٣ ی ئیستانبوڵ سەرکەوتنێکی ئێجگار گەورەی بەدەستهێنا و توانی بەتەنها ٩٠ هەزار دەنگ بەدەستبهێنێت، کە ئەمە بەگەورەترین ڕێژەی دەنگەکان دادەنرێت لەتورکیا. بەو سەرکەوتنەشی بووە یەکەم پەرلەمانتاری کورد کە لەشاری ئیستانبوڵ هەڵبژێردرێت و بچێتە پەرلەمانی تورکیا.

تونجەل، دوای ئەوەی لەفیستیڤاڵی باتمان بەئەندامانی پەکەکەت گوتبوو "ئەوان تیرۆریست نین، برامانن، هیچ کاتێك بەبراکانمان ناڵێین تیرۆریست" دۆزگەری گشتی دادگای باڵای تورکیا دۆسێی لێپرسینەوەی لەبەرامبەر ئێوە دەست پێکرد.

ئێستا تورکیا ئەوی وەکو ئەندام پەرلەمانێك ناسیوە. لەپێشبڕکێی هەڵبژاردنی کاندیدە سەربەخۆکان زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە قۆناخی پروپاگەندەی هەڵبژاردن لەزیندان دابوو. لەبەرئەوەی لەزیندان بوو، دەرفەتی بۆ نەڕەخسا خۆی بەجەماوەر بناسێنێ.

بەسەرکەوتنی سەباحەت تونجەل بێ خاوەنی لەچارەنووسی نادیاری ژنان کۆتایی هات و گۆڕانی بەسەرداهات. ژنان شەو و ڕۆژ کاریان کرد بۆئەوەی سەباحەت تونجەل سەربکەوێت و بچێتە پەرلەمان. لەبەردەرگای زیندان بە پێکەنین و زەردەخەنەوە هەزاران کەس پێشوازیان لێکرد، سەباحەت تونجەل بە ڕوویەکی گەش و دڵەکی گەرم، ڕووی لەئامادەبووان کرد.■



**لەمڕۆ بەدواوە بیر لەوە بکرێتەوە ژنیش مافی خۆپاڵاوتنی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری هەبێت**

*** ئەو کاتەی دەستگیر کرایت و بەرەو زیندان ڕەوانە کرایت، هیچ کاتێك هەستت دەکرد ڕۆژێك لە ڕۆژان ببیتە ئەندام پەرلەمان، بیرت لە شتێکی وا دەکردەوە؟**

- بێگومان نەخێر. لەبەرئەوەی دەستگیرکردنی من و زیندانیکردنم ڕووداوێکی سەیر بوو، لە میانەی کۆبوونەوەیەکدا زۆر بەپەلە دەستگیرکرام. لە ڕەوشێکی وەهادا هیچ کاتێك بیرم لەئەندام پەرلەمانێتی نەدەکردەوە. ئەمە شەرەفێکی زۆر گەورەیە بۆ من.. من خۆشەویستییەکی بێ سنووری خەڵکم قازانج کردووە، لەبەرئەمەش خۆم بە قەرزداری ئەو خەڵکە دەزانم، لەبەر ئەوەی بەرپرسیارێتییەکی گەورەیان خستە ئەستۆی من. هیوادارم بتوانم ئومێدەکانیان بهێنمەدی.

*** دەستنیشانکردنی تۆ وەکو کاندیدێك پێشنیاری خۆت بوو یاخود لەلایەن ڕێکخستنی DTPبوو؟**

- من خۆم وەکو کاندیدێك پێشنیار نەکردووە بەڵکو لەلایەن ڕێکخستنی ژنانەوە پێشنیار کراوم ئەو کاتەی ناوی کاندیدەکان یەکلایی کرایەوە هەموو کەسێك دەیانگوت تۆ سەردەکەویت، منیش زۆر پشت ئەستوور بووم، لەبەر ئەمەش زۆر بە هێمنی کارم دەکرد، هەرچەندە قۆناغێکی دژوار بوو لەبەر ئەوەی من لەلایەك چاوەڕێم دەکرد دادگا بڕیاری کۆتایی دەربکات، لەلایەکی تر چاوەڕێی ئەندام پەرلەمانێتی



بووم، بەڵام دواتر من زانیم دادوەر بەبێ ئەوەی بڕیارێکی تایبەت بە من بخوێنێتەوە ئیمزای کردووە لەبەر ئەمەش من نارازیم دەربڕی و بڕیارەکەی دادگا پوچەڵ کرایەوە، جگە لەمەش من لە قۆناغی گەرمی پروپاگەندەی هەڵبژاردن لە نێو جەماوەر نەبووم، دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخسا لە نزیکەوە خۆمیان پێ بناسێنم.

*** وەکو کاندیدێك پێناسەی تۆ بەکورتی کراوە، خەڵکانێکی زۆر تۆ دەناسن بەڵام من پێمخۆشە لە زاری جەنابت بزانم سەباحەت تونجەل ژیانی چۆن بووە؟**

- سەباحەت کچی خێزانێکی لادێیە. ژیانی لەنێوان شاروگوند بەسەربردووە. لەساڵی ١٩٧٥لە شاری مەلاتیا لەدایکبوومە. من جگە لەوەی لە ئیش وکاری ڕۆژانەی نێوماڵ و گوند بەشداریم دەکرد و لەلایەکی دیکە دەمخوێند. من دڵم زۆر بەکارکردنی گوند دەکرایەوە لەبەر ئەمەش دەتوانم بڵێم کارکردنم لە گوند تێکەڵاویەکی بەهێزی لە نێوان من بەتایبەتی و خێزانەکەم بەگشتی لەگەڵ زەوی پەیداکردووە، ئەمەش هەندێك تایبەتمەندی هیومانیستی -مرۆڤ دۆستی- لە منداڵییەوە لە کەسایەتی و تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی من بوونە. لەساڵی ١٩٩٠لەگەڵ جوڵانەوەی کوردایەتی ئاشنایەتیم پەیداکرد. دوای ئەوەی چوومە زانکۆ ئاشنایەتیەکەم فراوانتر بوو، تەنیا ئاواتم ئەوەبوو ببم بە شۆڕشگێڕ. نادادپەروەری نێو کۆمەڵگا هەموو هاندەرم بوو بۆ ئەوەی بە گوڕێکی زیاتر کار بکەم، هەروەها وەکو دەزانن زانکۆ گۆڕەپانێکی فراوانترە و مرۆڤ دەتوانێت کاری زیاتر بکات. ژیانی سیاسی من لە ساڵانی خوێندنی زانکۆ دەستی پێکرد، لە زانکۆی مێرسین توێژی دیموکراتخوازەکان زۆر بەهێزبوون، هەروەها هەستی نەتەوایەتی لەو کاتدا بەهێز بوو. بەتایبەتی ئەو ژنانەی لە نێو تێکۆشانی ڕزگاری بەشداریان کردبوو کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر کۆمەڵگا و لەسەر ژنان و ئافرەتان هەبوو، ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر نەخشاندنی دوارۆژی ژیانی من هەبوو دوای ئەوە چوومە ئیستانبوڵ ڕاستەوخۆ لەنێو ریزەکانی پارتی HADEP خۆم دۆزیەوە بەتایبەت لەنێو ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی ژنان دەستم بەکارکرد، بەڕای من کارکردن بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی ڕاستەقینەی ژنان پێویستە لە خانەی کارە گرنگەکان دابێت. من ماوەیەك لە نێو HADEP ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەیەکم وەرگرت. بەگشتی من لەنێو خەباتدا بەردەوام لە ژنان زۆر نزیك بوومە.

*** ئایا ئەم هۆکارێکی تایبەتی هەیە؟ بەردەوام لە ژنان نزیك بیت؟**

- بێگومان کۆمەڵێك هۆکاری هەیە. من زۆر شتم دەربارەی

ڕەوشتی ژنانی کورد خوێندەوە هەروەها ئەو ڕەوشەی ئەمڕۆ ژنـــی کورد تێیـــدا دەژی زۆر کاری تێکـــردم، من لەلایەن خۆمەوە دەستم بە ڕۆشنبیرکردنی خۆم و ژنان کرد. کارکردن لە پێناو مافەکانی ژنـــان دەرگای ژیانێکی نوێی بەڕووی مندا کردەوە، من هەستم کرد لە بەرامبەر هەندێك دابونەریتی کۆمەڵگای کوردی خەمساردییەك هەیە. ژیانی سیاسی من و بیرکردنەوەکانم سەرجەمیان پەیوەندیان بە هەڵسووکەوتەکان و ڕەوشـــی ژنانـــەوە هەیە، لەبەر ئـــەوەی پەیوەندیەکی زۆر ســـەرنجڕاکێش لە نێوان ڕەوشی گەلی کورد و ڕەوشی ژناندا هەیە.

*** هۆکاری دەستگیرکردنی تۆ وەکو زانراوە کەسێك ئیعترافی لەسەر تۆ کردەوە، تۆش بە ئەندامی PKK لەقەڵەم درایت، ئەمە تا چ ڕادەیەك ڕاستە و چۆن ڕوویدا؟**

- بەڕاستی سەیر بوو، لە ئەنجامی ئیعترافکردنی کەسێکی سەرلێشێواو بووە. من بۆ لێکۆڵینەوەی ڕەوشی ژنان سەردانی عێراقم کرد، ئەمەش کارێکی شـــاراوە نەبووە. من بەنهێنی ئەو کارەم ئەنجام نەداوە، هەروەها من تەنیا کەســـێك نیم لە تورکیا سەردانی عێراقم کردبێت، من وەکو کەسێکی سیاسی و ژنێکی دیار جموجۆڵەکانـــم تاقیب دەکرێت و لێکدانەوەی جەوتی بۆ دەکرێت.

ئەگەر ئەندامێکی پابەرزی AKP یاخود هەر کەســـێکی دیکە ســـەردانی عێـــراق یاخود شـــوێنێکی دیکە بکات بە مەبەســـتی لێکۆڵینەوە زۆر بە ئاسایی پێشوازی لێدەکرێت، بەڵام تەنیا بۆ ئەندامێکی DTPئەم گەشتە کە بە ئامانجی لێکۆڵینەوە بوو بەکارێکی نائاسایی پێشوازی لێدەکرێت.

لەبەرئەوەی من وەکو ژنێکی کورد بەردەوام چارەســـەرکردنی ڕەوشی ژنانم بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوازێکی دیموکراتیانە بەستۆتەوە، پارتیەکەی من تێدا کار دەکەم زۆر بەجدی کار بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا دەکات، هیچ کاتێك ســـڵ لە باسکردنی ڕاستیەکان ناکاتەوە، ئەگەر لەم وڵاتە کێشەی کورد بەشـــێوازی دیموکراتیانە چارەسەر نەبێت، ئاشتی بەرقەرار نابێت.

من بۆ ماوەی (٦)ســـاڵ دەبێت لە ئیســـتانبوڵ لە ژێر ئەم دروشـــمانە کار دەکەم، ئاسایشـــی ئیســـتانبوڵ لەم بارەیەوە زۆر باش من دەناســـێت. جگە لەمانـــە، تاوانی ئەندامێتی PKK هیچ بنەمایەکی یاســـیی نییە و تەنیا ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەك بوو، لەگەڵ کەســـێکی شکستخواردوو. ئەو کەســـە تەنیا جارێك لـــە کۆبوونەوەیەك منی دیوە و، گوێی لەمن گرتووە! لەبەرئەوەی سیاسەتمەدارێکی کوردم، کۆسپم بۆ کەســـانی لەمجۆرە خوڵقاندووە، بیـــروڕای منیان بەدڵ نەبووە.

*** ئەوکاتـــەی تۆ ئـــازاد کرایت لەبـــەردەم دەرگای زیندان هەزاران ژن دروشمیان بۆ تۆ دەگوتەوە، هاوکات بە هەزارەها پۆلیس پاسەوانی تۆیان دەکرد و لەبەردەم دەرگای زیندان بە هەزاران کەس ڕێگای پەرلەمانیان نیشانی تۆ دەدا، ئەو کات سەباحەت تونجەل هەستی بەچی دەکرد؟**

- خۆشەویســـتی هەڤاڵانی زیندان و ئەو ڕێز و پێشوازییەی خەڵـــك لەبـــەردەم دەرگای زیندان بۆ من شـــەرەفێکی زۆر گەورەیە، ناتوانم بە ڕستەیەك هەستی ئەو کاتە پێناسە بکەم. هەندێك لەم هەســـتانەی من لە ژیانمـــدا ڕەنگ دەدەنەوە، بەڵام تەنیا بەیەك دێر هەستم کرد ئەو خەڵکە هیوایان هەیە. لەبەرامبـــەر ئەم هیوایە گەورەیە و ئەو پێشـــوازیە گەورەیە پێویستە کارێکی شایستەیان بۆ بکەم.

ئەو ڕەنج و ماندووبوونەی من چەشـــتوومە لەگەڵ داخوازی و هیواکانی ئەو خەڵکانە کە منیان هەڵبژاردووە، پێویســـتە لـــە پەرلەمانیـــش گفتوگۆی لەســـەر بکەیـــن، بێگومان قسەکردن بەناوی گەل نوێنەرایەتی کردنی گەل لەپەرلەمان بەرپرســـیارێتیەکی زۆر گەورەیـــە و منیـــش لە ئاســـتی تێگەیشـــتنی ئەو ئەرکە دام و بەگوێرەی ئەم لێپرسراوێتییە جموجۆڵ دەکەم.


*** گەل بەڵێنی بە سەباحەت تونجەل دا، بەڵێنەکانی خۆی**



●●●

**سەرکەوتنی گرووپێک پەرلەمانتاری کورد بۆ پەرلەمانی تورکیا شانسێکی گەورەیە بۆ تورکیا**

●●●



**جێبەجێ کرد، ئایا تۆ چاوەڕێی ئەو پاڵپشتییەت دەکرد؟**

- من ڕووداوەکانی وڵاتم لە ڕێگای ڕۆژنامەی (گوندەم) تاقیب دەکرد، دوای داخستنی ڕۆژنامەی (گوندەم) تەنیا لە ڕێگای پارێزەرەکانم هەواڵەکانی دەرەوەم بەدەست دەگەیشت، من هەموو کات هەستم بە جۆسش و خرۆشی گەل دەکرد. هەروەها هەندێك لە دیمەنەکانی هەڵبژاردنم لە تەلەفزیۆنێکی ناوخۆی دیاربەکر بینی. من کاتێك دەمبینی هاوڕێیانی دیکەم لەنێو گەل کاری پڕۆپاگەندەیان دەکرد، ئەوکات هەستم بە ئازارێك دەکرد، لەبەر ئەمەش ئێمە لە زیندان کۆمیتەیەکمان پێکهێنا بە مەبەستی دەستپێکردنی هەڵمەتێکی پرۆپاگەندە.

وەکو دەزانن لە زیندان دەرفەت زۆر کەمە. من ژمارەیەك نامەم نووسی بەڵام ئیدارەی زیندان ئاستەنگیان لەبەردەم نامەکانی دەرخست ڕێگایان نەدا نامەکانم بگاتە دەرەوە، لەبەرئەوە ئێستاش بەهەڵبژاردنی من بڕوا ناکەن. سەرەڕای ئەم ئاستەنگیانە، من لەگەڵ ٥٠ ژنی دیکە هەڵمەتی پرۆپاگەندەمان لە زیندان دەستپێکرد.

لە دەرەوەش ژنان هاوکارییەکی زۆریان کردین، لێرەدا پێمخۆشە بڵێم بناغەی ئەم سەرکەوتنە بۆ کاری بێ پایانی ژنان دەگەڕێتەوە. جگە لە شەونخونی گەنج و جەماوەر، بەگشتی خەڵك ڕەنجێکی زۆریان بەخشی ئەمانە هەموو شایستەی ئەم سەرکەوتنە پیرۆزەن، ئەم سەرکەوتنە سەرکەوتنی ئەوانە، ئەرکی من ئەوەیە ئەو سەرکەوتنە تەشویق و ئاهەنگدارتر بکەم.

*** خەڵك بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێکرد، تۆ لەبەرامبەر داخوازییەکانی خەڵك چ بەرنامەیەکت لەبەردەستدایە؟**

- ئەوکاتەی گەل بڕیاریدا من بچمە پەرلەمان ئەرکێکی گران کەوتە سەرشانی من منیش ئەم کارانە دەکەم یاخود ئەم کارانە پێویستە بکرێن، لەو وڵاتە پرسێکی قورس و برینێکی قوڵ هەیە ناوی کێشەی کوردە.

من و هەڤاڵەکانم لەسەر ڕێگای چارەسەریەکی ئاشتیخوازانە بۆ پرسی کورد خەبات دەکەین.. ئۆرهان دۆغان پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات گووتی من بەڵێنی چارەسەری ئاشتیانەم بە گەلی کورد دابوو بەڵام نەمتوانی بەڵێنەکە جێبەجێ بکەم، لەبەر ئەمەش تێڕوانینی ڕەخنەگرانەی خۆم پێشکەشی ئێوە دەکەم. منیش ئەو کارەی ئەوان لەم شوێنەی بەجێیانهێشت، درێژە پێدەدەم.

هەروەها من خەباتی ژنانم زۆر لاپیرۆزە، لەم بڕوایەدام پێویستە لەمڕۆ بەدواوە بیر لەوە بکرێتەوە ژنیش مافی خۆپاڵاوتنی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری هەبێت.

هەرچەندە من تێدەگەم هەموو شتێك بەشەو و ڕۆژێك

**لەمڕۆ بەدواوە خەڵک ئەدائی نوێنەرەکانی تاقیب دەکات. منیش لەنێوانیاندا. بۆیە پێویستە لەئاستی جێبەجێکردنی هیواکانی گەل بین و بزانین لە پەرلەمان چی دەکەین**



پێنـــاگات. لەبەرئەوەی ئێســتا لەنێو هاوســەنگیەکان، ژن پێگەی نییە ئەمەش سەرەتا پێویستی بە یەکگرتنی هەزاران ژن هەیــە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی چڕ دەربارەی ئەو پرســە بکەن و ئازارەکانی شەقام بگوازنەوە نێو پەرلەمان، بەکورتی کێشەی تورکیا کاملّنەبوون و گەشەنەکردنی دیموکراسییە. دیموکراســی لەکۆمەڵگای تورکیا جارێکی دیکە پێویستی بە دابەشــکردنێك هەیە، ســەرەتا پێویســتی بە دەرخستنی لێبووردنێکی گشــتی بۆ سیاســیەکان هەیە، کێشەی کورد بە ڕێبازی دیموکراســیانە و ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێت، هەروەها پرســی ژنان پێویســتی بە بایەخدانێکی لە پلەیەك هەیە. لە پەرلەمان ئەو گرفتانە گفتوگۆ دەکەین، مێژگردیان بۆ سازدەکەین.

*** نوێنەرەکانی DEP لەساڵی ١٩٩١ ڕەوانەی زیندان کران، ئێستا کوردێك لەزیندانەوە بەرەو پەرلەمان دەچێت.. تۆ ئەمە چۆن شرۆڤە دەکەیت؟**

- ئێمە بەمشــێوەیە لێکدانەوەکانی تورکیا پوچەڵ دەکەینەوە، ســەرکەوتنی گروپێك پەرلەمانتاری کــورد بۆ پەرلەمانی تورکیا شانسێکی گەورەیە بۆ تورکیا. بەڕای من لەپەرلەمان ئۆپۆزسیۆن زۆر پێویستە سەرکەوتنی ژنە کوردێك لە زیندان بـــۆ پەرلەمان مانـــای وایە ئەو خەڵکــە چاوەڕێی هەزاران هیوایە.

*** تۆ لەم بڕوایە دایت خەڵکانێك هەبن ســەرکەوتنی تۆیان لاخۆش نەبێت؟**

- خەڵکانێکی زۆر حەزیان بەسەرکەوتنی من کردووە، هەروەها ئەو کەســانەی کە گفتوگۆ قبوڵ ناکەن و لەسەر سیاسەتی کۆن پێداگیری دەکەن، دڵیان بەسەرکەوتنی من خۆش نەبووە، ئەمەش شتێکی ئاساییە کە نارەزایی لێبکەوێتەوە، ئێمە ڕێز لەبیرو بۆچوونە جیاوازەکان دەگرین. ئێمە لەماوەیەکی کورتدا بەکردار و ڕەفتاری خۆمان پێیـــان دەڵێن ئێوە تا چ رادەیەك هەڵەن.

منیان بەئەندامــی PKK تاوانبار کرد، دواتر من نە تەنیا لە دیاربەکر و باتمان و شرناخ و وان و ماردین هەڵبژێردراوم، بەڵکو لەسەرانســەری تورکیا خەڵك دەنگیـــان بەمن داوە، ئەمەش داخوازییەکانی تورکیا بەرجەستە دەکات.

خەڵك داوای چارەسەریی سیاسی دەکات، ئەو کەسە PKK بێت یاخود نا ئەمە زۆر گرنگ نییە. لەمانە گرنگتر پێویستە ئەم داخوازیانە شیکردنەوەی راستیان بۆ بکرێت. بەڕای من پێویســتە ڕێز لە متمانەی گەل بگرێت، بۆ ئێمە قۆناغەکە لەئەمڕۆوە دەستی پێکردووە، قۆناغەکەش چاوەڕێی ڕەنجێکی زۆر لەئێمــە و هەڤاڵانم دەکات، ئێمە لــەم قۆناغە بەتەنیا نین، گەل لەپشت ئێمەیە، لەمڕۆ بەدواوە خەڵك

**ئەگەر بێتوو دەوڵەت مافە سیاسیی و کولتوورییەکانی کورد دابین بکات ئەوا هەموو لایەکمان دەتوانین پێکەوە کاربکەین تاکو کۆمارێکی دیموکراتیک بئافرێنین**



**تورکیا دەخوازێت کێشە ناوخۆییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا چارەسەربکات، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە کێشەی تورکیا لەناوەخۆی وڵاتەکەدایە**

ئەدائی نوێنەرەکانی تاقیب دەکات. منیش لەنێوانیاندا. بۆیە پێویستە لەئاستی جێبەجێکردنی هیواکانی گەل بین و بزانین لەپەرلەمان چی دەکەین.

ئەگەر بەشێوەیەکی شایستە پێناسەی تێڕوانینی خەڵکی خۆمان نەکەین، هەبوونمان لەپەرلەمان هیچ مانایەکی نامێنێت. لەروانگەی هاووڵاتی ئازادەوە هەموو کەسێك مافی چاودێریکردنی بەسەر ئەندامانی پەرلەمانەوە هەیە.

*** ماوەیەك لەمەوبەر لەڕێی ئاژانسی ئەنادۆڵیای تورکی داوای پۆلیسی پاراستنت کردبوو، ئایا ئێوە وەك پەرلەمانتارانی کورد هیچ جۆرە هەڕەشەیەکتان لەسەرە؟**

- ڕاستە، من ماوەیەك لەوەوبەر داوام لەئاسایشی ئەنقەرە کردبوو پۆلیسی بەرگریم بۆ دابین بکەن. بەڵام تائێستا کەس هەڕەشەی لەمن نەکردووە، بەڵام هەموو پەرلەمانتارێك مافی ئەوەی هەیە کە داوای پۆلیسی پاراستن بکات، منیش داوامکرد، بەڵام تائێستا کەس وەڵامی نەداومەتەوە.

*** دوای ئەو سەرکەوتنە بەرچاوەی پارتی داد و گەشەپێدان هەموو لایەك لەتورکیا چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد سیاسەتی دەرەوەی تورکیا گۆڕانکاری گەورە بەخۆوە ببینێت بەتایبەتی لەمەسەلەی مامەڵە و پەیوەندیکردن لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها چارەسەرکردنی پرسی کورد لەتورکیا و هەوڵی قوڵترکردنەوەی ڕیفۆرمەکان بۆ نزیکبوونەوەی تورکیا لەیەکێتی ئەورووپا، ئێوە چۆن لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا دەڕوانن؟**

- دوای ئەوەی پارتی داد و گەشەپێدان لەهەڵبژاردنی پێشوەختەی ئەم دواییە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، دەیەوێ ئەم سەرکەوتنەی وەکو کارتێك بەکاربێنێت، ئەمەش لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا ڕەنگیداوەتەوە، لەبەرئەمەش سیاسەتی دەرەوەی تورکیا خنکاوە. تورکیا دەخوازێت کێشە ناوخۆییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا چارەسەربکات، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە کێشەی تورکیا لەناوەخۆی وڵاتەکەدایە لەگەڵ هاووڵاتیانی ئەم وڵاتەدایە. هەر بۆیە نە ئەمریکا و نە یەکێتی ئەورووپا ناتوانن یارمەتی تورکیا بدەن ئەگەر تورکیا لەناوخۆیدا کێشەکان چارەسەر نەکات، لەبەرئەوەی سەرچاوەی کێشەکانی تورکیا لەناوخۆی وڵاتدایە.

بەڵام تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی دەیەوێ سنووری نێودەوڵەتی ببەزێنێت. هەروەك دەخوازێ ڕای گشتی وڵات لەم چوارچێوەیەدا بەکاربهێنێت، بەگشتی تارادەیەك توانی کەشوهەوایەکی لەمجۆرە بۆ مەسەلەی مۆڵەتی سەربازی لەدەرەوەی سنوور بڕەخسێنێت. لەبەرئەوە تورکیا نەیتوانی بەباشی هەڵوێستی بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی هەڵبسەنگێنێت. لەبەرئەوەی تاڵەبانی و بارزانی داوایان لەتورکیا کرد لەڕێگای دیپلۆماتیك و لەسەر مێزی دیالۆگ کێشەکان چارەسەر بکات، بەڵام تورکیا ئامادە نەبوو هەڵوێستی سەرکردە کوردەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە



بنەما وەربگرێت لەپێناو خاوکردنەوەی گرژییەکاندا.

*** بۆچوونی ئێوە سەبارەت بەو هەڕەشانەی تورکیا چییە، بەتایبەتی لەمەسەلەی هەڕەشەی سنووربەزاندن و نیگەرانییەکانی لەبەرامبەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان؟**

- نە تورکیا، ئەمڕۆ تورکیای سەردەمی شەڕی ساردە. نە کوردستانی ئەمڕۆش، کوردستانی ساڵانی سەدەی ڕابردووە. کێشەی تورکیا ئەوەیە، دەخوازێت لەشوێنێك خۆی بدۆزێتەوە. تەنانەت هەقیقەتی ناکۆکییەکانی نێوان هێزە ئیسلامی و عەلمانییەکانیش بەمشێوەیە نییە کە لەمیدیاکان باس دەکرێت، چونکوو ئەمڕۆ تورکیا لەقەیرانی خۆپێناسەکردندایە. تورکیا لەچارەنووسی وڵاتەکەی دەپرسێت. لەبەرئەوەی تورکیا پێیوایە نیوەی خاکی وڵاتەکەی ئەمڕۆ لەژێر هەڕەشەی جیابوونەوەدایە. کە بەشێکی زۆریان کوردن، دەڵێن نەخشەی جوگرافی تورکیا لەبن ڕیسك و مەترسی پارچەبووندایە. من دەڵێم ئەم وەهمەی تورکیا لەجێی خۆیدا نییە لەبەرئەوە ئەگەر بێتوو دەوڵەت مافە سیاسیی و کولتوورییەکانی کورد دابین بکات ئەوا هەموو لایەکمان دەتوانین پێکەوە کاربکەین تاکو کۆمارێکی دیموکراتێك بئافرێنین. ئەمەش پێگەی سیاسیی تورکیا دیاریدەکات. بەمەش ناکۆکییەکانی تورکیا لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەردەوام دەبێت. لەبەرئەوە پێویستە هێزی ڕاستەقینەی تورکیا لەرۆژگاری ئەمڕۆ بزانین، چونکوو هاوکێشە سیاسییەکان ئاڵوگۆڕی گەورەیان بەسەرداهاتووە و ڕۆژهەڵاتی ناوین شیمانەی گۆڕانکاری گەورەی لێدەکرێت.

*** پەیامێکتان بۆ خەڵك و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان هەیە؟**

- قۆناخی ئەمڕۆ بۆ گەلی کورد زۆر هەستیارە، وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان بەردەوام لەپیلانگێڕیدان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پیلانگێڕیانە کورد پێویستی بەیەکێتی نەتەوەیی هەیە. دەبێ لەم چوارچێوەیەدا سیاسەتەکانی ڕێکبخات، لەبەرئەوەی کورد قوربانی زۆریان داوە تا گەیشتوونەتە ئەم ڕۆژە، بەتایبەتی دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان پێویستە بەهەند وەربگیرێت و پەرەیان پێبدرێت، چونکە کورد ڕۆژگارێك مەترسی لەناوچوونیان لەسەر بوو، لەڕۆژی ئەمڕۆماندا دەوڵەتێکی وەکو تورکیا بەردەوامە لەسەر نکۆڵیکردنی گەلی کورد، بەڵام خۆشبختانە کوردان لەهەوڵی بەردەوام دان بۆئەوەی لەڕێگای ئاشتی و دیالۆگ و بەڕێبازی دیموکراتیانە مافەکانیان بەدەستبخەن و هەروەك چۆن تورکیا لەهەوڵی ئەوەدایە سەرنجی دیپلۆماسییەتی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی وڵاتە زلهێزەکانی وەك ئەمریکا و بەریتانیا و یەکێتی ئەوروپا بۆ سەر مەرامەکانی ڕابکێشێت بەپاساوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، بۆیە پێویستە کوردیش لەبەرامبەر ئەم سیاسەتە زۆر بەهەستیاری مامەڵە لەگەڵ ئەم پێڤاژۆیە بکەن.

**ڕۆژهەڵاتی ناوین شیمانەی گۆڕانکاری گەورەی لێدەکرێت**



## عەبد ئەخوە تەمیمی:

# پەرەپێدان و پاراستنی سەقامگیری کوردستان لە ریزبەندی پێشەوەی گرنگییەکان دێت

*لە سەرجەم زانکۆکانی عێراق وانەی ئابووری وتۆتەوە، پۆستی راوێژکاری ئابووری سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق بووە، لە ماوەی حوکمڕانی ئەیاد عەلاوی، دەست لەکارکێشانەوەی لەو پۆستە راگەیاندووە پێش ئەوەی حکومەتەکەی ئەیاد عەلاوی هەڵوەشێتەوە، لە ساڵی ١٩٩٣ لە لایەن هێزەکانی ئەمنی بەعسییەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ گیراوە ، خاوەنی ١٠ پەرتووك و سەدان توێژینەوە و وتارە لە بوارەکانی) ئابووری و سیاسی و سەرچاوەی ئاو...)*

*د. عەبد ئەخوە تەمیمی لە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵاندا پێی باش بوو، کە دوو خاڵی گرنگ هەیە پێویستە هاووڵاتییان و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان ئاگاداری بن گرنگی تایبەتی پێ بدەن ئەویش: پەرەپێدان و گەشەپێدانی کوردستان و پاراستنی سەقامگیری هەرێمەکەیە، ئەمەش پێویستە هاوکات بێت لەگەڵ رووبەڕووبوونەوە و بنبڕکردنی گەندەڵی، کە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە رووی لە زیادبوون کردووە، لەم ژمارەیەی فایلی ئابووری گوڵاندا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێزی کرد لێرەدا بۆچوون و تێڕوانینەکانی بەڕێزی بڵاودەکەینەوە، کە سەبارەت بە پەرەپێدان و حوکمڕانی دیموکراتی وروژاندویەتی:*



لوبنان وەکو نمونەیەکی هەڵسانەوە
کەسایەتی لوبنانی و بوونی فەرهەنگ و کلتووری ئابووری
لە لای لوبنانییەکان یارمەتی خێرای هەڵسانەوەیانی داوە

**پێویستە خاوەنی سیاسەت و ستراتیژییەتی ئابووری بین، ئەوەش پێویستە بەسەقامگیری و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە**



لە سەرجەم وڵاتان و حکومەتەکانی ئەم سەردەمەدا دیاردەکانی گەندەڵی و فەشەلی حکومڕانی بوونەتە ئەو بەربەستەی کە ڕێگرە لە بەردەم گەشەی ئابووری و ئەنجامدانی ریفۆرمی ئابوورییانە، بگرە زیانی بە گەشەی سروشتی و پێشکەوتنی ئابووریش گەیاندووە، کاتێکیش سیاسەت زاڵ بێت بەسەر ئابووری و سیاسەتمەدار لە خزمەتی ئابووریدا نەبێت ئەو کات کێشەکە ئاڵۆز تر دەبێت، ئەو راپۆرتە نێودەوڵەتییانەی کە لەم دواییەدا لە لایەن هەردوو ڕێکخراوی شەفافییەت و ئاشتی نێودەوڵەتییەوە بڵاوکرایەوەو کوردستان دانرا لە ریزبەندی پێشەوەی وڵاتانی فاشیل و گەندەڵکار، ئەمەش گەورەیی کێشەکەی دەرخست و مەترسییەکانی لە تیرۆر و ئاڵۆزبوونی باری سیاسی و ئەمنی کەمتر نییە ..

ئابووری کوردستان کە تاکو ئەمڕۆژ وابەستەی ئابووری دواکەوتووی پڕ لە گرفت و کێشەی ناوەندە، نەیتوانیوە ببێتە ئابوورییەکەی سەربەخۆو پێشکەوتوو، بەڵکو لە زۆربەی بەرهەم و پێداویستییەکان پشتی بە وڵاتی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر بەستووە، ئەو وڵاتانەش بەوە ناسراون کە دەسەڵاتی سیاسییان لە خزمەتی ئابووری نییە، بەڵکو ئابووری بۆتە کارتێك لە خزمەتی سیاسەتی چەوتی عەسکەرتارییەت، چارەسەرکردنی کێشەکان لەکاتێکدا ئابورییانە دەبێت و سوودی دەبێت کە دەسەڵاتی سیاسی ڕێگر نەبێت و دەستێوەردانی خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بکات، ئەمەش کاتێك روودەدات ئابووری و بوارەکانی پلاندانان و پەرەپێدان کە لە ناو ستراتیجییەتی ئابووری دا کۆ دەبێتەوە بۆ کەسانی شارەزاو پسپۆر بە جێبهێڵێت و دەزگا ئەمنی و سەربازی و سیاسەتمەداران لەم پێناوەدا هەوڵبدەن . لە دوای ئارامبوونی بارودۆخەکەو هێوربوونەوەی شەڕەکان پێویست بە هەنگاوی خێراو کەسانی دڵسۆزی وا هەیە کە ئاسەوارەکانی شەڕو ماڵوێرانی بگەڕێننەوە باری جارانی، جۆرج کەرەم شارەزای بواری بازرگانی ڤاڵڤۆ لە لوبنان سەبارەت بە تێکەڵبوونی سیاسەت و ئابووری دەڵێت گرفتەکە لێرەدا روودەدات کاتێك کەسانێکی دڵسۆز دەیانەوێت لە ڕێگای پۆستەکانیانەوە خزمەتی بارودۆخەکە بکەن و بەسەر ئاسەوارەکانی شەڕو سلبیاتەکاندا زاڵبن ئەو سلبیاتانەی بە میرات بۆمان بەجێ دەمێنێت، کاتێکیش سیاسەت زاڵ بێت بەسەر ئابووری و سیاسەتمەدار لە خزمەتی ئابووریدا نەبێت ئەو





کات کێشەکە ئاڵۆز تر دەبێت.

لە وەڵامی چەند پرسیارێکی تایبەت بە فایلی ئابووری گوڵان کە سەبارەت بە ئەگەری دەربازبوونی عێراق لە قەیرانی گەندەڵی و فەشل و دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی فیدرالی کرا، لە ژمارەیەك لە شارەزایان و بیزنسکارانی وڵاتی لوبنان و کەسایەتی ئابووری عێراق، بەڕێزیان پێیان وابوو دەربازبوون لە گرفت و کێشەکان پەیوەندی بە بەهێزبوونی یاساو گرنگیدان بە کەرتی بەرهەمهێنان دەبێت، هاوکات بوونی فیدرالییەت بۆ عێراق پێویستە، هەرێمی کوردستانیش جوانترین ئەزموون و نموونەیە، لەمەشدا وڵاتی لوبنان و چۆنیەتی روبەرووبونەوەی کێشەو گرفتە سیاسی و ئابووری و شوێنەواری جەنگەکان بۆ ئێمەی کورد پێویستە، گەرجی تەجروبەی لوبنانی کە وڵاتێکی سەربەخۆیەو ئەم کییانە سەربەخۆیە یارمەتی زیاتری داوە بە لوبنانییەکان، تاوەکو بتوانن بەسەر ئاسەوارەکانی شەڕو ماڵوێرانیدا زاڵبن، بەڵام کەسایەتی لوبنانی و بوونی فەرهەنگ و کلتووری ئابووری لە لای کەسایەتی لوبنانییەکان یارمەتی خێرا هەڵسانەوەیانی داوە، بەڕادەیەك هەر زوو بەسەر کێشەو گرفتەکانیان زاڵ بوون، ئەلیاس ئەسوەد – دەچوونی زانکۆی ئەمەریکایە لەبەیروت و ژاپۆن پسپۆرایەتی لەدامەزراندنی پرۆژە پیشەسازییە خۆراکییەکان هەیە و، لەسەرجەم وڵاتە عەرەبییەکان کاریکردووە بەڕێزی پێی وایە ((لوبنانی نییە ئازارو ئەشکەنجەی نەبینی بێت، لوبنانیەکان پشتیان بەتوانای خۆیان بەست نەك بەپاڵپشتی حکومەتەکەیان، تەنانەت زۆرجار دەوڵەت کێشەو گرفتی بۆ دروستکردوون، بەڵام هۆشیاری و زیرەکی و توانای لوبنانی وایکرد بەسەر کێشەو گرفتەکانی شەڕی ناوخۆو دەستێوەردانی دەرەکی زاڵ بن))، لە هەرێمی کوردستان دەکرێت لە ڕێگای پێشخستنی فیدرالییەتەوە زامنی نیمچە سەربەخۆییەکی ئابوورییانە مسۆگەربکەین، چونکە لە فیدرالییەت دا بڕیاری ئابوورییانە بەخێرایی دەدرێت و دوور دەکەوینەوە لەبیروکراتییەت و رۆتین و زامنی بەشداریکردنی زۆرینەش مسۆگەر دەکەین، کەنعان چەلەبی شارەزای پێشووی بانکی ناوەندی عێراقی پێی وابوو

فیدرالییەت گەر بێتو یارمەتی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئابووری و بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی ناوخۆی وڵات بدات، بە دەستکەوتێکی گرنگ دادەنرێت و، لەگەڵ مەنهەجییەتی دیموکراتییەت و پێکەوە ژیانی شارستانییەت دەگونجێت.

**ئەلیاس ئەسوەد شارەزای بواری پیشەسازی کشتوکاڵ**

# گرنگیدان بە پیشەسازی کشتوکاڵ هاوکاری و یارمەتی بەهێزکردنی ئابووری دەدات

ئەلیاس پێی وایە باشترین میللەت کە لەبواری ئابووری دا کاری لەگەڵ کردوون عێراقە، چونکە ڕاستگۆیی و توانایان هەیەو لەبڕیارو بەڵێنەکانیان پاشگەز نابنەوە، هەرێمی کوردستان ناتوانێت لەم قۆناغەدا سەرقاڵی دامەزراندنی کارگەی ئۆتۆمبێل و فرۆکەو پیشەسازی قورس بێت، پێویستە ئابووری کوردستان لەسەر بنەمای کشتوکاڵی بنیات بنرێت، لەمەش گرنگتر پیشەسازی کشتوکاڵی و بە بازاڕکردنی بەرهەمەکانی، چونکە کشتوکاڵ بنەمایەتی گرنگی ئابووری کوردستان دادەنرێت و، هەلی کار بۆ جوتیارو گوند نشینەکان دابین دەکات، ئەمەش لەگەڵا هەڵمەتەکانی ئاوەدانکردنەوە دا دەگونجێت پاشان گرنگیدان بە پیشەسازی کشتوکاڵ هاوکاری و یارمەتی بەهێزکردنی ئابووری دەدات و بۆ یەکەمین جار جگە لە نەوت ناردەنی دیکەمان دەبێت بۆ دەرەوەی وڵات کاتێك بۆ چوون و پێشنیار بۆ پتەوکردنی ئابووری دادەنێن، هاوکات پێویستە خاوەنی سیاسەت و ستراتیژییەتی ئابووری بین، ئەوەش پێویستە بەسەقامگیری و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، یەکێك لەو خاڵانەی کە بۆ ئێوەی کورد زۆر گرنگە و وڵاتانی دەرەوە بێ بایەخی دەکەن، بوونی بەرهەمی خۆماڵییە لەکەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی بچوك دا، چونکە ئاسایشی خۆراکی بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگەو لەمەترسی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری دوورتان دەخاتەوە، هەر وڵاتێك کەرتی کشتوکاڵی بە شێوەیەکی ڕاستی و زانستی پێشخست کەکاریگەری دەبێت لەسەر سەقامگیری ئاسایشی خۆراکی، هۆڵەندا گوڵ دەفرۆشێت بە ئەورووپاو جیهان، دانیمارك بە شیرەمەنی بەناوبانگە، لەکوردستان هەموو بنەماکانی پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی هەیە، تەنیا پێویستیتان بە ئەقڵ و بەرنامە هەیە بۆ ئەوەی بەرهەمی کشتوکاڵ بگۆڕێت بە بەرهەمێکی پیشەسازی و درێژخایەن .

لوبنانی نییە ئازارو ئەشکەنجەی نەبینی بێت، لوبنانیەکان پشتیان بەتوانای خۆیان بەست نەك بەپاڵپشتی حکومەتەکەیان، تەنانەت زۆرجار دەوڵەت کێشەو گرفتی بۆ دروست کردوون، بەڵام هۆشیاری و زیرەکی و توانای لوبنانی وایکرد بەسەر کێشەو گرفتەکانی شەڕی ناوخۆو دەستێوەردانی دەرەکی زاڵ بن، لوبنانیەکان هەلی باشترینی هەبوو بەوەی لەسەر دەریا بوون واتە لەرووی جوگرافیياوە داخراو نەبوون، هەرێمی کوردستان بەگرنگترین ناوچە دادەنرێت بۆ پیشەسازی کشتوکاڵی، هاوکات پێویستە بواری گەشتوگوزاریش گرنگی پێ بدرێتەوە شارستانییەتی کوردی ببوژێنرێتەوە، من پێم سەیرە ئەو هەموو خاك و پانتاییە فراوانەی کوردستان بەتاڵ بووەو خەڵکی هەمووی کەوتوونەتە ناو شارەکانەوەو قورساییان لەسەر یەکتر دروست کردووە.

●●●

**ئاسایشی خۆراکی بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگەو لەمەترسی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری دوورتان دەخاتەوە**

●●●



**ئەلیاس ئەسوەد – دەچوونی زانکۆی ئەمەریکا لەبەیروت و ژاپۆن پسپۆرایەتی لەدامەزراندنی پرۆژە پیشەسازییە خۆراکییەکان هەیە و، لەسەرجەم وڵاتە عەرەبییەکان کاریکردووە، خاوەنی ٤٠ کارگەیە لە عێراقدا. ژمارەیەك لە وڵاتانی ئەفەریقا.**



کەنعان چەلەبی
بەڕێوەبەری مەسرەفی بەغدا لەساڵی ١٩٦٤- ٢٠٠٦ لەبانکی ناوەندی بەغدا کاریکردووە، دەرچووی بەشی ئابووری زانکۆی موستەنسرییە بووە

کەنعان چەلەبی شارەزای پێشووی بانکی ناوەندی عێراقی بۆ ماوەی ٤٢ساڵ لە بانکی ناوبراو کاریکردووە (بۆ گوڵان):-

# گەندەڵی و فەشەلی بەڕێوەبردنی وڵات، بە بەهێزکردنی دەسەڵاتی یاسا چارەسەر دەبێت

**عێراق بەشێوەیەکی گشتی دەتوانێت دووبارە لەو قەیران و بێسەرو بەرییەی کە ئەمڕۆ دووچاری بووە هەڵسێتەوە**

لە وەڵامی چەند پرسیارێك تایبەت بە گوڵان کە سەبارەت بە ئەگەری دەربازبوونی عێراق لە قەیرانی گەندەڵی و فەشەل و دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی فیدرالی لێی کرابوو، چەلەبی پێی وابوو :- (( عێراق بەشێوەیەکی گشتی دەتوانێت دووبارە لەو قەیران و بێسەروبەرییەی کە ئەمڕۆ دووچاری بووە هەڵسێتەوە، دەست بە ئەنجامدانی قۆناغەکانی پەرەپێدانی ئابووری بکات، خۆشگوزەرانی بۆ سەرجەم هاوڵاتییانی مسۆگەر بکات، چونکە عێراق وڵاتێکە خاوەنی سامان و کانزایەکی جۆراوجۆرو دەوڵەمەندە، سامانی نەوت کە عێراق بەدووەم وڵاتی یەدەگی نەوت لە جیگهانی دادەنرێت بۆ بەدەستهێنانی داهات و دابینکردنی تەمویلی پرۆژەکان گرنگە، چونکە لەڕێگای ناردنە دەرەوەی نەوت و بوونی وزەیەکی باش لە سەرجەم ناوچەو هەرێمەکان دەکرێت پەرەپێدانی ئابووری بەشێوەیەکی خێرا ئەنجام بدرێت...

فیدرالییەت گەر بێتو یارمەتی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئابووری و بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی ناوخۆی وڵات بدات، بە دەستکەوتێکی گرنگ دادەنرێت و، لەگەڵ مەنهەجییەتی دیموکراتییەت و پێکەوە ژیانی شارستانییەت دەگونجێت، بۆیە من بەردەوام پشتگیری فراوانکردنی دەسەڵاتەکی ئابووری دەکەم، ئەمەش بە دابەشکردنی کارو ئیمتیازاتی ئابوورییانە دێتە

بەرهەم، ئەم دابەشکردنەش لە ناوەڕۆکی فیدرالییەت دایە، چونکە لە فیدرالییەت دا بڕیاری ئابوورییانە بەخێرایی دەدرێت و دوور دەکەوینەوە لەبیروکراتییەت و ڕۆتین و زامنی بەشداریکردنی زۆرینەش مسۆگەر دەکەین .

## پێویستە لەڕێگای کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە بواری زیاتر بدرێت بە گفتوگۆو ڕێگا چارەی دیبلۆماسی

چەلەبی سەبارەت بەدەست تێوەردانی دەرەکی بۆناو کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستان و عێراق گوتی :-

پێویستە سیاسەتمەدارانی هەرێم و عێراقیش بەبەردەوام رووبکەنە زمانی گفتوگۆو ئابووریانە، چونکە زمانی گفتوگۆ کاریگەری بەرچاوی هەیە بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك، پێویستە لەڕێگای کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە بواری زیاتر بدرێت بە گفتوگۆو ڕێگا چارەی دیبلۆماسی، ئەمەش لەبەرئەوەی گفتوکۆو زمانی لێکترگەیشتن لە بەرژەوەندی زۆرینەی دانیشتووان و هەموو لایەك دایەو دەبێتە هۆی پێشکەوتنی ناوچەکە، بە پێچەوانەشەوە زمانی هەرەشەو لێکتر حاڵی نەبوون لەبەرژەوەندی هیچ وڵاتێك دا نییە و زیان بەئابووری و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان دەگەیەنێت..

فیدرالییەت گەر بێتو یارمەتی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئابووری و بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی ناوخۆی وڵات بدات، بە دەستکەوتێکی گرنگ دادەنرێت و، لەگەڵ مەنهەجییەتی دیموکراتییەت و پێکەوە ژیانی شارستانییەت دەگونجێت

گەر دەسەڵاتی یاسا پتەوو بەهێز بکرێت، چارەسەری حەقیقی ڕاستەقینەی گەندەڵی و فەشەلی کارگێری ئاسانە، چونکە بەیاسا دەتوانرێت ژیانی ئابووری ڕێك بخەیت و، یاساش ڕێگا لەخراپی بەکاهێنانی دەسەڵات بکیرێت.

لە وەڵامی پرسیارێکدا کە پەیوەندار بوو بەو کاتەی ناوبراو لە بانکی ناوەندی بەغدا کاریکردووە و، ڕۆڵی هەبووە لە روبەرووبونەوەی کێشەو گرفتە ئابوورییەکان چەلەپی پێی وایە ئەوکاتەی حکومەتەکان ڕێگا چارەسەری ئابوورییانەو زانستییانە دەگرنەبەر ئەوکات دەتوانن دوور لە بەرژەوەندی عەسکەرتارییانەو مەرامی تەسکی سیاسی و شەخسی رووبەرووی گرفت و کێشەکان دەبنەوە لەمبارەیەوە دەڵێت :-

**١٩٦٧-٢٠٠٦** وەکو شارەزا لەبانکی ناوەندی بەغدا کارمکردووە، لەو قۆناغانەشدا کێشەو گرفتی ئابووری و دارایی و نەختینەی زۆر بوو، چارەسەرکردنی کێشەکان لەکاتێکدا ئابورییانە دەبێت و سوودی دەبێت کە دەسەڵاتی سیاسی ڕێگر نەبێت و دەستێوەردانی دوور لەئابوورییان نەبێت بۆ ناو کاروباری ئابووری و کەرتە زیندووەکانی، دەوڵەت لەڕێگای چارەسەری نێودەوڵەتی، پابەندبوونی بەڕێنمایی و مەرج و برگە نێودەوڵتییەکان گەندەڵی کارگێری و دارایی لەسەرجەم وڵاتانی جیهان و لەناو زۆربەی حکومەتەکانی بەربڵاوە، بەڵام بەڕێژەیەو لەناوچەو وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆردرێت، ئەو ڕێ و شوێنانە گرنگە کە دەگرێتە بەر بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی و فەشەلی کارگێری و حکومڕانی دەوڵەت هەردووکیان زیانی گەورە بە ئابووری و چارەنووسی کەرتەکانی دەبێت، ئەم کێشەیەش باکگراوەندێکی کۆنی هەیەو چارەسەرکردنی بەدەسەڵاتی یاسا دەبێت، یاساو تەشریعات و دەستوور وا دەکات بەسەر ئەم کێشەیەدا زاڵ بین، لەمەش گرنگتر هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییانە بۆ ئەوەی فەرهەنگێکی وا دروست بێت فشاری جەماوەری هاندەرو هاوکار بێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان.

**گەر دەسەڵاتی یاسا پتەوو بەهێز بکرێت، چارەسەری حەقیقی ڕاستەقینەی گەندەڵی و فەشەلی کارگێری ئاسانە**

**کێشەی گەندەڵی و فەشەلی کارگێری لە عێراق دا باکگراوەندێکی کۆنی هەیەو چارەسەرکردنی بەدەسەڵاتی یاسا جێبەجێکردن دەبێت**




**فیدرالییەت گەر بێتو یارمەتی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئابووری و بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی ناوخۆی وڵات بدات، بە دەستکەوتێکی گرنگ دادەنرێت و، لەگەڵ مەنهەجییەتی دیموکراتییەت و پێکەوە ژیانی شارستانییەت دەگونجێت**